# نووسین بۆ تەلەفزیۆن

ناوی کتێب:نووسین بۆ تەلەفزیۆن
نووسینی: پەیمانگەی (BBC) بۆ ڕۆژنامەوانی
وەرگێڕانی: فاروق جەمیل کەریم
بابەت: لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندن
تایپ: ڕێکەوت
هەڵەچنی: نیشتمان محەمەد
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان _ سلێمانی
**www.serdam.org**
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە: **kteb@serdam.org**
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤١٩)ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە.

**( مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

پەبمانگەی (BBC) بۆ ڕۆژنامەوانی

# نووسین بۆ تەلەفزیۆن


وەرگێڕانی:

**فاروق جەمیل کەریم**



سلێمانی ٢٠١٢

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی گیرفانی ژمارە (١٢٢)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

# پێڕست

پێشکەشە ٩
پێشەکی وەرگێڕ ١١
نووسین بۆ تەلەفزیۆن ١٣
هەواڵ تەنها بە خوێندنەوە ١٤
هەواڵ بە وێنەی جێگیرو گرافیکەوە ١٥
بنەماکانی بەکارهێنانی گرافیك ١٨
هەواڵ بە وێنەوە کە بێژەر دەیخوێنێتەوە ٢٠
ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی ٢١
پێشەکی ڕاپۆرت ٢٢
ئامادەکردنی ڕاپۆرت ٢٥
ڕەگەزەکانی ڕاپۆرت ٣١
یەکەم/ گێڕانەوەی چیرۆکەکە ٣١
١- دیاریکردنی بابەت ٣١
أ- پێکهاتە (سترەکچەر) ٣٣
ب- ڕیزبەندیی کات ٣٥
٢- نووسینی تێکست ٣٦

| | |
|---|---|
| أ- لـيـد | ٣٦ |
| ب- ڕستەی سەرەکی | ٣٧ |
| پ- کەشی گشتی | ٣٨ |
| دووەم/ پێکەوەنان (پاکێجینگ) | ٣٨ |
| ١- نووسین بۆ وێنە | ٣٨ |
| ٢- دەنگی سروشتی | ٤٠ |
| ٣- ئەرشیف | ٤٠ |
| ٤- پارچە لێدوان: بڕگە دەنگییەکان | ٤١ |
| سێیەم/ تەنسیق | ٤١ |
| ڕاپۆرتی مەیدانیی تەلەفزیۆنی | ٤٨ |
| یەکەم/ ئامادەکردنی زانیارییەکان | ٥٠ |
| ١- گەڕانی زانستی | ٥٠ |
| ٢- ئەجێندای بەرایی ڕاپۆرت | ٥٢ |
| ٣- پەیوەندیکردن بە پەیوەندیداران | ٥٢ |
| ٤- پوختەکردنی ئەجێندا | ٥٣ |
| ٥- ئامادەسازیی لۆجستی | ٥٤ |
| ٦- تەتەڵەکردنی ئامانج | ٥٥ |
| دووەم/ ئامادەکردنی فیلم | ٥٥ |
| ١- سەردانیکردنی شوێن (ئەگەر توانرا) | ٥٥ |

٢- ڕێخۆشکەری لەگەڵ کاراکتەرەکان ٥٧
٣- کۆبوونەوە لەگەڵ تیمی هونەری ٥٨
سێیەم/ وێنە ڕونکەرەوەکانی ڕاپۆرت ٦٠
چوارەم/ کامێرامانو دڵنیابوون لە شیاویی گرتەکان ٦١
١- ڕێوشوێنەکانی پێش وێنەگرتن ٦١
٢- ڕێوشوێنەکانی وێنەگرتن ٦٢
٣- گرتەکان ٦٣
٤- جووڵەی کامێرا ٦٦
٥- چاوپێکەوتنی پێویست بۆ ڕاپۆرت ٦٨
پێنجەم/ لە بەردەم کامێرادا ٧٢
١- شوێنی ٧٤
٢- بایەخی ٧٤
٣- شوێنی وێنەگرتنی ٧٥
٤- شێوازی ئەداکردن ٧٦
٥- جووڵەکردن ٧٦
- فەرهەنگۆك ٧٩

## پێشکەشە

- بە روحی پاکی هاوڕێم، ڕۆژنامەنووسی شەهید (خەلیل عەبدوڵڵا).

- بە (حەمە)ی کوڕی شەهید خەلیل... هیوادارم تەمەن درێژبێت و ڕێچکەکەی باوکی ون نەکات لە ڕاستگۆیی و خۆنەویستیدا.

## پێشەکی وەرگێڕ

(BBC) کە سێ چارەکە سەدە لەمەوبەر یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی خۆی دامەزراندووە، تا ئەمڕۆ چەندینجار خۆی نوێکردووەتەوەو لەگەڵ قۆناغە جیاجیاکانی پێشکەوتنی کۆمیونیکەیشندا پێوەرو ڕێساو ستایلی نوێی تایبەت بە خۆی داهێناوە.

ئەمە وایکردووە بە درێژایی تەمەنی خۆی (ئێستایشی لەگەڵدابێت) هەم ببێتە جێی ئیرەیی تۆڕو کۆمپانیاو کەناڵەکانی تری میدیای جیهانی، هەم ببێتە نموونەی بالای کارکردن لە لای زۆر کەناڵو ناوەندی میدیایی دیکە.

ئەگەر لاساییکردنەوە لە زۆر بواردا کارێکی سادەو ئاسان بێت، ئەوا بۆ میدیاکارانو کەناڵەکانی تری میدیا لاساییکردنەوەی ستایلو میتۆدی کارکردنی داهێنەرانەی هاوشێوەی (BBC) کارێکە کوردوتەنی: "هەر بە دەم

ئاسانه". بۆیه ئێمەی میدیاکاری کورد کە لە سەرەتای تووڵەڕێیەکداین بەرەو شارێگەی کاری میدیای سەنگین‌و نموونەیی، نەنگی نییە ئەگەر بمانەوێت لاسایی (BBC) بکەینەوه.

ئەو چەند دێڕە بەسە ببێتە پاساوی وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە میدیاکاری تەلەفزیۆنیی کورد.

بەو هیوایەی ئەم هەوڵە خنجیلانەیە جێگەی خۆی بگرێت.

**وەرگێڕ**

**٢٠١٢-٠٣-١١**

**کەرکوك**

## نووسین بۆ تەلەفزیۆن

نووسین بۆ وێنە خەمی سەرەکیو کاری لە پێشینەی ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆنییە، هەمووان دان بەوەدا دەنێن کە نووسین بۆ وێنە بەهرەیەکی هەروا ئاسان نییە، فێربوونیشی پێویستی بە کاری بەردەوامی چەند ساڵەیە.

سەرەڕای فرەییو جۆراوجۆریی ڕێگاکانی دروستکردنی بابەتی ڕۆژنامەوانیو ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ وەرگر، بەڵام خۆشبەختانە ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی مەحکومە بە هەندێك پێوەری یەکگرتوو کە یارمەتی ڕۆژنامەوان دەدات لە ئاسانکردنی ئەرکەکانو گەیاندنی ڕاستییەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە.

چەندان شێوازی هەواڵی هەن کە لەسەر شاشە دەردەکەون یاخود لە لایەن بێژەرەوە دەخوێنرێنەوە، هەریەك

لەم شێوازانەش سیمای نووسینی جیاوازیان هەیە، لێرەدا هەندێك لەو شێوازانە باس دەكەین كە لەسەر شاشە دەردەكەون:

- هەواڵ تەنها بە خوێندنەوە (تەنها بێژەر بەبێ هیچ وێنەیەك).
- هەواڵ بە وێنەی جێگیر یان بە گرافیكەوە.
- هەواڵ بە وێنەوە كە بێژەر دەیخوێنێتەوە.

## هەواڵ تەنها بە خوێندنەوە (Read Only)

دیاردەیەكە ڕەنگە تەنها لە تەلەفزیۆنە عەرەبییەكاندا باوبێت. ئەركەكە ئەركی وێنەیە، هەرشتێكیش وێنەی لەگەڵدا نەبێت مانای وایە بابەتێكی تەلەفزیۆنی نییە. بەڵام وای لێهاتووە ڕۆژنامەوانانی تەلەفزیۆنی پەنا بۆ ئەم جۆرە هەواڵە دەبەن لە حاڵەتی هەواڵی بە پەلە (عاجل)دا، یان ئەو كاتانەی ناچاردەبن مامەڵەی لەگەڵدا بكەن وەك هەواڵی سەرۆكایەتی، كە لە دواساتەكاندا دەگاتو كاتی پێویست لە بەردەمدا نامێنێت بۆ ئامادەكردنی فیلم یان گرافیكی گونجاو تا لەگەڵیدا بڵاوبكرێتەوە.

ئەگــەر ناچــاری نووســینی هــەواڵی لــەجۆرە بوویــت، پێویستە ئاگاداری ئەم سێ ڕەگەزە بیت:

١- ئەو بێژەرەی خۆی لە بەردەم کـامێرادا دەبینێتــەوە بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ وەستان هەواڵ دەخوێنێتەوە.

٢- ئــەو بینــەرەی لــە ســەیرکردنی بێژەرەکــە وەڕس دەبێت، ڕەنگە بایەخ بـە سـەیرکردن نـەدات، چـونکە لـەو حاڵەتەدا وا هەست دەکات گوێ لە ڕادیۆ دەگرێت.

٣- پەیامەکـەش دەرفـەتی گەیانـدنی بـە شـێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەدەست دەدات.

لەبەرئەوە (بەکورتی) هەرچۆنێك بێت پێویستە هیچکام لەم هەواڵانە لە ٢٥ چرکە یاخود ٥٠ وشە زیاتر نەبێت.

## هەواڵ بە وێنەی جێگیرەوە یان بە گرافیکەوە (CAP or SS)

Cap بریتییە لــە کــورتکراوەی وشــەی (Caption) کــە ئەویش واتە نووسینی کۆمێنت یان ڕستەی شیکاری لەســەر وێنــە. هەرچــی (SS)یــشە کــورتکراوەی وشــەکانی ( Still Story)یە واتا ئەو چیرۆکە هەواڵــەی کــە وێنــەی جــێگیری

پێوەیە. ئەم شێوازەش زۆر جیاواز نییە لەوەی پێشوو، چونکە تا ڕادەیەك هەمان سروشتی کاری تەلەفزیۆنی نییە کە پشت بە بەکارهێنانی فیلم ببەستێت، کەچی زۆربەی هەواڵسازانی تەلەفزیۆنی لە جیهاندا ناتوانن خۆیان لە بەکارهێنانی ئەم شێوازە بدزنەوە لەم حاڵەتە کلاسیکییانەی خوارەوەدا:

١- هەواڵی سەردانە چاوەڕوانکراوەکان یان کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە زۆر گرنگەکان کە هێشتا ڕوویان نەداوە. ئەگەر ویستت لە نەشرەی هەواڵەکاندا بایەخی پێبدەیت ئەوا دەکرێت وێنەی کەسانی پەیوەندیدار بە سەردانەکە یان کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بەکاربهێنێت.

٢- لێدوانی کەسانێك کە پەیوەندی سەرەکییان هەیە بە هەواڵێکی گرنگەوەو لێدوانەکەش ببێتە هەواڵ، بەڵام ئەو لێدوانەیان بۆ ڕۆژنامە یان ئاژانسەکانی هەواڵ دابێت نەك تەلەفزیۆن، لێرەشدا ئاساییە ئەگەر ناچاربوویت بۆ بایەخدان بە هەواڵەکە وێنەی ئەو کەسە دابنێیت کە لێدوانەکەی داوە.

٣- هەواڵــە گرنگــەکانی پەیوەســت بــە ناوچــە دوورەدەستەکان کــە دەســتکەوتنی وێنــەیان ئاســان نییــەو ناکرێت پشتگوێش بخرێن، لەم حاڵەتەدا نەخـشەی ناوچــەکە بەکاردەهێنرێت.

٤- هەواڵە بە پەلە (عاجـل)ەکـان کـە پێـشبینی گەیشتنی وێنەکەیان دەکرێـت بـەڵام درەنـگ دەگـەن، وەك تەقینـــەوەو ئاگرکەوتنـــەوەی گـــەورە یـــان ڕووداوەکـــانی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە یاخود ڕفاندنی فڕۆکە.

پۆلێنکردنەکـــەی پێـــشوو زۆربـــەی حاڵەتـــەکانی بەکارهێنانی گرافیك دیاری دەکات بۆ هەواڵێك کە لە لایەن بێژەرەوە دەخوێنرێتـەوە. هەرچـەندە بـەکارهێنانی گرافیـك ئاساییە، بەڵام دەرفـەتیش هەیـە تـا وای لێبکـەیت زیـاتر سەرنجڕاکێش بێتو لە قەبارەی ئەو زیانە کەم بکەیتەوە کـە بـــەهۆی بـــەکارهێنانی وێنـــەی جـــێگیر لـــە تەلەفزیۆنـــدا دەکەوێتەوە.

**بنەماکانی بەکارهێنانی گرافیك**

- گرافیك ئەڵتەرناتیڤی فیلمەو پێویستە ڕوونو سنووردار بێت تا سەرکەوتوو بێت.

- دەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبێت بە هەواڵەکەوە، بە دیاریکراوییش هاوتای ئەو وشەیە بێت کە لە گەڵیدا دەردەکەوێت. لۆژیکی نییە کاتێك وشەکە نیویۆرك بێت کەچی وێنەکە بینای نەتەوە یەکگرتووەکان نیشان بدات، چونکە لەو ساتەدا بینەر لە ناخی خۆیدا چاوەڕێی بینینی نەخشەیەکی نیویۆرك دەکات. هەروەها باش نییە نەخشەی کۆماری میسری عەرەبی بەکاربهێنێت بۆ هەواڵی تەقینەوەیەك لە کارگەیەکی سویس، بینەر چاوەڕێ دەکات لە گرافیکەکەوە زانیاری زیاتر وەربگرێت نەك بینینی نەخشەیەك کە تەنانەت شوێنی تەقینەوەکەشی تێدا ڕوون نەبێت. هەوڵبدە بۆ ڕوونکردنەوەی شوێنی سوێسو دەوڵەمەندکردنی گرافیکەکە.

- لە هەواڵی لێدوانە گرنگەکاندا خاڵە سەرەکییەکان دەربهێنرێنو هاوشانی وێنەی کەسی پەیوەندیدار دابنرێن

لەگەڵ ناونیشانێك كە پوختەی هەواڵەكـە بـدات. هەوڵبـدە هەر خاڵێك كە بێژەر دەیخوێنێتەوە هاوكات لەگەڵ تێكـستە نووسراوەكەی بێت لەسەر شاشە.

- ڕووداوەكانی كەوتنەخوارەوەی فڕۆكە یان ڕفاندنی، لە حاڵەتـە نموونەییـەكانن بـۆ بـەكارهێنانی گرافیـك. خێـرا هەوڵبدە دڵنیابیت لـە ڕاسـتی زانیارییـەكانو دیـاریكردنی شوێنی فڕینی فڕۆكەكەو جۆرەكـەی، سـەر بـە چ هێڵێكـە؟ بەرەو كام شار فڕیوە؟ لە كام یان لە نزیك چ شارو ناوچەیەك كەوتووەتە خوارەوە یان ڕفێنراوە؟

هـەموو ئەمانـە وا دەكـەن هەواڵەكـە ئامادەبێـت بـۆ دەركـەوتن لەسـەر نەخـشەیەكی جـولاو كـە زانیارییـەكان نیشانی بینەر بدات.

لە ڕاستیدا تا گەیشتنی وێنەی پارچەكانی فڕۆكەكە یان وێنــەی فڕۆكــە ڕفێنراوەكــە، بــەكارهێنانی گرافیــك لــە ڕوونكردنەوەی زانیارییە سەرەتاییەكاندا كارێكی حەتمییە بۆ ڕازیكردنی فزولییەتی بینەر.

## هەواڵ بە وێنەوە کە بێژەر دەیخوێنێتەوە
**(OOV or LVO)**

دیمەنەکە لەگەڵ دەنگی ڕاستەوخۆی بێژەر:
**LVO: Live Voice Over**
دیمەنەکە بەبێ وێنەی بێژەر: **OOV: Out Of Vision**

لە هەندێك کەناڵی عەرەبیدا ڤیدیۆی پێدەوترێت و لە زۆربەیاندا بەربڵاوترین شێوازە. لەوانەیە هەندێك لە هەواڵسازەکان نەزانن ئەم جۆرە هەواڵە هەندێك جار زۆر قورسترە لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییەکان. هەواڵ بۆ ئەوەی ببێتە (ڤیدیۆ یان OOV) پێویستە کۆمەڵێك مەرجی تێدا بێت:

- نابێت ماوەکەی (پێشەکی لەگەڵ ڤیدیۆ) زیاتر بێت لە **٣٥** چرکە یاخود **٧٠** وشە.
- نابێت هەواڵێك دووبارە ببێتەوە، جارێك لە پێشەکیداو جارێك لە نێو ڤیدیۆکەدا.
- پێویستە پێکەوەبەستنی هەردوو بەشەکە سادە بێت.

- دەبێت وشەكانی بەشی دووەم گوزارشـت لـە وێنەكـە بكەن نەك وەسفكردنی.

- تەنها ڕەگەزێك یان دوو ڕەگەزی هەواڵەكە بە ڕوونـی ئیبراز بكرێن.

- هەڵێنجانی وێنەكانی بەشی دووەم بە شـێوەیەكی ورد بێت تا گوزارشت لە ڕووداوەكە بكات.

- دوای چـەند نەشـرەیەك كـەمێك گۆڕانكـاری لـە وێنەكاندا بكرێت ئەگەر كەناڵەكە بە درێـژایی ٢٤ سـەعات لە كاردایە.

- دوای تەواوبوونی تێكستەكە نابێت وێنـەكان لەسـەر شاشە بمێننەوە، پێویستە ڕاستەوخۆ دیمەنەكە بچێتەوە سـەر بێژەر.

**ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی**

ڕۆژنامـەوانیی تەلـەفزیۆنی بـە شـێوەیەكی گـشتی گیرۆدەی دیاردەی كەمبوونەوەی ڕادەی سەرنجدانە لـە لایـەن بینەرانـەوە. وەك ڕێژەیـەكی ناوەنـدی ناتوانرێـت سـەرنجی بینەری ئەمریكی لە چل چركە زیاتر بهێڵرێتـەوە. لەوانەیـە

بینەری ئێمە خۆڕاگرتر بێت، بەڵام ڕکابەریی توندی نێوان خودی کەناڵە ئاسمانییەکان لە لایەك و تەلەفزیۆنە حکومییەکان لە لایەکی ترەوە وا دەکات مانەوەی بینەری ئێمە لە بەردەم نەشرەیەکی هەواڵیدا ئاسان نەبێت. تۆش تا دەتوانیت دەبێت ئامانجت هێشتنەوەی ئەو بینەرە بێت لە بەردەم شاشەکەتدا بۆ درێژترین ماوە، ئەمەش نایەتەدی بەبێ کارکردن لەسەر پێشکەشکردنی زۆرترین زانیاریی وردو نویێ لە قاڵبێکی سەرنجڕاکێش و سادەدا کە بینەر لێی تێبگات. قاڵبی ڕاپۆرتەکە دەرفەتێکی گەورە دەداتە ڕۆژنامەوانانی تەلەفزیۆنی بۆ بەدەستهێنانی کارێکی تەواو کە ببێتە جێی بایەخی زۆرترین بینەر.

### پێشەکی ڕاپۆرت: INTRO/ or / CUE

هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کە کاری پێشەکی، پێشکەشکردنی ڕاپۆرتە. پاساوەو هۆکاری بوونی ڕاپۆرتەکە بۆ بینەر دەخاتەڕوو. بانگەشە بۆ ڕاپۆرتەکە دەکات یان سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت بۆ مانەوە لە بەردەم شاشەو سەیرکردنی ڕاپۆرتەکە بە سادەیی چونکە پێشبینی وروژاندنی زیاتری تێدا دەکات.

که وابوو پێشەکی ئەوەیە که بێژەر لــە پــێش ڕاپــۆرتی تەلەفزیۆنیــدا دەیخوێنێتــەوەو جارِدانێکــە بــۆ ڕاپۆرتەکــە هەروەك چۆن ڕیکلام جارِدانه بۆ کاڵاو کەلوپــەل. خــراپترین جــۆری پێــشەکی ئەوەیــە کــە خاڵــە ســەرەکییەکانی نێــو ڕاپۆرتەکە دەگێڕێتــەوەو پــێش دەســتپێکردنی، ڕاپۆرتەکــە دەمرێنێت*. پێــچەوانەی ئەمــەش باشــترین پێــشەکی لێ بەرهــەم نایــەت، پێــشەکی وا لــە بینــەر دەکــات هــەوڵی پێکەوەبەستنی بدات لەگەڵ بابەتەکەدا، ئەوەش دە چــرکەی ســەرەتای ڕاپۆرتەکــە دەخایــەنێت. ئینجــا تــۆ سەرکێــشی دەکەیت بە لەدەستدانی ســەرنجی بینــەر بــەهۆی ســەرەتای ڕاپۆرتەکەوە چونکە سەرقاڵی پێکەوەبەســتنێکی لۆژیکیــت لە نێــوان پێــشەکیو ڕاپۆرتەکــەدا، بەمــەرجێك بینــەر لــە بەردەم شاشەدا مابێتەوە!

لەبەرئــــەوەی "پاســــاوە" بــــۆ ڕاپــــۆرت، پێویــــستە زانیارییــەکی بنــچینەیی لــەخۆبگرێت کــە پەیوەنــدیی بــە هەواڵەکەوە بێت، یــان وەڵامــی پرســیاری یەکــەمی بینــەر بداتەوە: "بۆچی ئــەم بابەتــە شــایانی بایەخپێدانــە؟"، بــە

کورتی پێویستە پێشەکی پارێزگاری لە چەند پێوەرێك بکات:

– هەواڵی بێت، زانیارییەکی تێدابێت کە پاساوبێت بۆ بابەتەکە.

– داهێنەرانە بێت، بە شێوەیەکی باش زانیاری پێشکەش بکات جیاواز لە هەواڵی ئاسایی چونکە ڕێخۆشکەرە بۆ ڕاپۆرتێك کە پێویستە زیاتری لە باردا بێت.

– بەسترابێتەوە بە ڕاپۆرتەکەوە، بە تایبەت بە بەشی یەکەمەوە، بەڵام بەبێ دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە لە بەشی یەکەمدا هاتووە (ئەمە ئەو هەڵەیەیە کە لە تەلەفزیۆنە عەرەبییەکاندا باوە).

– هەرچۆنێك بێت، نابێت ماوەکەی لە ٢٥ چرکە زیاتربێت. (ئەمە بەهرەی زیاتری تۆی پێویستە لە میانەی دارشتنی پێشەکییەکاندا).

– کەمێك (نادیاری)ی ئیجابی لەخۆبگرێت، بەو مانایەی فزوڵی بینەر بجوڵێنێت بۆ مانەوەی بەدیار ڕاپۆرتەکەوە کە پێی وابێت وەڵامی زۆرێك لەو پرسیارانەی تێدایە کە لە ناخیدان.

– بەردەوام تازەبکرێتەوەو دابڕێژرێتـەوە، ئەگـەر لـە کەناڵێکی هەواڵێدا کاردەکەیت کە بەردەوام پەخشدەکات. لەو پێشەکییە خراپتر نییە کە دووبارە دەکرێتەوە تەنانەت ئەگەر بە دیقەتیـشەوە نووسـرابێت. لەوانەیـە لێـرەدا ئامـاژەکردن بـۆ هۆکارێکی سەرەکی تر بـۆ پێشخـستنی ڕاپـۆرت لـە جێـی خۆیدایە، ئەویش بە دوای یەکدا هاتنو خێرایـی هەواڵەکانـە، لەبەرئەوە مانەوەی پێشەکی هەواڵ بۆ ماوەیەکی درێژ دەسـت نادات بە تایبەت بۆ بابەتی هەواڵە گەرمەکان.

## ئامادەکردنی ڕاپۆرت

کاتێـک لــە (ودرۆ ویلـسۆن) ســەرۆکی پێــشووتری ئەمریکایان پرسی چەندێك کاتی پێویستە بۆ ئامـادەکردنی وتارەکـانی؟ لـە وەڵامـدا وتـی: "کارەکـە لەسـەر مـاوەی وتارەکـە بەنـدە... ئەگـەر دە دەقیقـە بێـت پێویـستم بـە هەفتەیەکە. ئەگەر چارەکە سەعاتێك بێت ڕەنگە پێویـستم بە سێ ڕۆژ بێت... ئەگەریش بۆ نیو سەعات بێت، ئەوە بـۆ ئامـادەکردنی وتارەکـە دوو ڕۆژم دەوێـت... بـەڵام ئەگـەر مـاوەی وتارەکـە سـەعاتێك بێـت ئـەوا هـەر ئێـستا ئامادەم...".

وا دیـاره سـەرۆکەکان دووچـاری کێـشە دەبنـەوە لـە دەربڕینی بۆچوونەکانیان لە ماوەی دیاریکراوی نێو ڕاپـۆرتی تەلەفزیۆنیدا کە دەبێت لـە ٣ دەقیقـە زیـاتر نـەبێت. ئـەو ڕاستییە کاتێك ڕەنگدەداتەوە کە هەرچـەندە ڕوونکردنـەوەی بیرۆکەکە چەند دەقیقەیەکی دیاریکراوی هەبێت، پێویـستی بە کۆششی زیاترە بۆ ئامادەکردنی بـە شـێوەیەکی گونجـاو، بێگومان ئەمە پڕۆسەکەش قورسترو ئالۆزتر دەکات.

ئاستەنگی بەردەم ئامـادەکردنی ڕاپـۆرتی تەلـەفزیۆنی لێرەدایە: چۆن دەتوانیت بابـەتێکی ئـالۆز بـۆ جـەماوەرێك باس بکەیت کـە نایناسـیتو نـەتبینیوە، بـە جۆرێـك لـە ماوەیەکی زۆر کورتی سێ دەقیقەییدا لەگەڵتدا کاردانـەوەی هەبێت.

بەڵام ڕەشبین مەبە... پێکهاتەکانی کـاری تەلـەفزیۆنی لە دەنگو وێنەو وشەکان، سەرباری ئامـادەبوونی مەیـدانی لە شوێنی ڕووداوەکـە، هـەموو ئەمانـە کەرەسـتەی تـەواو دەدەنە دەستەوە ئەگەر بە باشی بیقۆزیتەوە بـۆ بـەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

دەبێت ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیی باش وەڵامی ئەم پرسیارانەی بینەر بداتەوە:

- چی ڕوویداوە؟

- دواپەرەسەندنەکانی ڕووداوەکە چین؟

- ئەو کەیسانە چین کە دەبێت ئاشنایان بم بۆ ئەوەی بیانبەستمەوە بەو پەرەسەندنانەوە؟

- ئەوەی ڕوویداوە بۆچی بە گرنگ دادەنرێت؟

- لە هەموو ئەوانەدا چی پەیوەندیی بە منەوەیە؟

بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، دەبێت یەکەمجار لێی بەئاگا بیتو پاشان بتوانیت بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشو سادە بیگوازیتەوە بۆ بینەر. لێرەدا **خەسڵەتەکانی (ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی)ی باش** دەخەینەڕوو:

- یەکێتی بابەت: بەو مانایەی ڕاپۆرتەکە باسی زیاتر لە کەیسێك (بابەتێك) نەکات. ناکرێت ڕاپۆرتێك لە (ڕامەڵڵا)وە لە پەرەسەندنەکانی تەنگژەی ناو حکومەتی فەلەستین بدوێتو تۆمەتەکانی گەندەڵییش کە ڕووبەڕووی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل کراون بخرێتە هەمان ڕاپۆرتەوە.

زۆرجـــار پـــەیامنێری بـــاش دەتوانێـــت دوو بابـــەت لـــە ڕاپۆرتەکەیـدا پێکـەوە گرێبـدات ئەگـەر پەیوەندییـەکی ئۆرگانیو لۆژیکی لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام بـەکارهێنانی دەستەواژە باوەکانی: "لە لایـەکی تـرەوە... لـە ڕوویـەکی ترەوە... لە لایـەن ئیسرائیلیـشەوە...." هـەموو ئەمانـە هەوڵی ڕۆژنامەوانن بۆ پەردەپۆشکردنی شکـستەکانیان لـە چەسپاندنی یەك بابەتیدا.

- ڕستەی کورت: یارمەتی خوێنەر (بێژەر) دەدات هـەر ٣-٥ چرکە جارێك هەناسە بدات، ئەمە هەمان ماوەیە کـە بینـەریش پێویـستێتی بـۆ هەناسـەدانی ئاسـایی. ڕسـتە درێژەکان هەر خۆیان ئاڵۆزنو مۆنتاژکردنیان قورسە، بینـەر ماندوو دەکەنو خوێندنەوەیشیان قورسە.

- لە نێوان هەناسەدانێكو یەکێکی تردا پێویستە ڕێگە بدەیت وێنەیش هەناسە بـدات. دەنگـی هەناسـەدانی وێنـە ئەو دەنگە سروشتییەیە کە لەگەڵ دیمەنەکانـدا تۆمـارکراوە، بـەڵام وریـای زیـادەڕۆیی بـە لـە دەرخـستنی دەنگـە سروشتییەکان بەبێ بیانوویەکی بابەتی.

- ڕاپۆرتی باش، دەبێت دابەشبکرێت بۆ چەند بەشێکی یەك لە دوای یەك (پاشبەند) کە (Sequences)ی پێدەوترێت. هەر بەشێك ماوەکەی لە نێوان ١٥ تا ٢٠ چرکەیە. بەش یان سیاق لێرەدا بابەتێك یان شوێنێکی جوگرافییە لە نێو هەمان شاردا، یاخود ڕێخۆشکەرییە بۆ پارچە دەنگێك یان پارچەیەکی وێنەیی هەمان شت. ئەم دابەشکردنە یارمەتی بینەر دەدات بۆ تێگەیشتنی سیاقی گشتی چیرۆکەکە.

- سیاقی زەمەنی، دەبێت بە یەك ئاڕاستەدا بڕوات: یان لە نوێترینەوە بۆ کۆنترین یاخود بە پێچەوانەوە، باش نییە هەردوو ئاڕاستەکە لە هەمان ڕاپۆرتدا بەکاربهێنرێت.

- سیاقی شوێن، دەبێت بە ئاڕاستەیەکی ڕووندا بڕوات، واتە ئەگەر لە شوێنێکەوە دەستت پێکردو بەرەو شوێنێکی تر ڕۆیشتیت، ڕەنگە لە کۆتاییدا تەنها بتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی یەکەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە ناتوانیت لەوە زیاتر بجوڵێیت.

- پارچە یان بڕگە دەنگییەکانی نێو ڕاپۆرت، دەبێت بە جۆرێك بن لە تێکستدا بزانرێت خاوەنەکانیان کێن و چ

کارەن؟ لە وێنەشدا دەبێت لە شوێن‌و هەڵسوکەوت‌و ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خۆیاندا بیانبینین، ئەمەش بێگومان پێش ئەوەی دەستبکەن بە تۆمارکردن.

- بەکارهێنانی گرافیك لە ڕاپۆرتدا نابێت بە شێوەیەکی زەق ڕەنگدانەوەی کەمیی فیلم بێت، بەڵکو دەبێت لە سیاقی ڕوونکردنەوەی ئەو زانیاری‌و داتایانەدا بێت کە بەبێ بەکارهێنانی گرافیك ڕوونکردنەوەیان ئاسان نییە، وەك (ژمارەکان، ئامارەکان، ئەنجامی ڕاپرسی‌و هەڵبژاردنەکان، یاخود ڕێڕەوی فڕۆکە ڕفێنراوەکە،....).

- بەکارهێنانی وێنە ئەرشیفییەکان دەبێت لە سیاقێکی ڕوون‌و ئاشکرادا بێت نەك بینەر لە خشتە ببات‌و وای لێبکات لەگەڵ وێنە تازەکاندا تێکەڵی بکات. سیاقی وێنە ئەرشیفییەکان دەبێت بە یەك ئاڕاستەدا بێت، واتە لە شوێنێکدا بەکاربهێنرێت نەك دوای ئەوە بگەڕێیتەوە بۆ وێنەی ئەمڕۆو پاشان جارێکی تر وێنە ئەرشیفییەکە نیشان بدەیتەوە. ئەمە ئەو وێنە ئەرشیفییانە دەگرێتەوە کە هی ساڵانێك لەمەوبەر یاخود هەفتەیەك لەمەوبەرن.

- دەرکــەوتنی پــەیامنێر لــە ڕاپۆرتەکــەدا ئەگــەر ئیشەکەی مەیدانی بێتو شتی تـر بخاتەسـەر تێگەیـشتنی بینەر لە ڕۆحی بابەتەکە.

## ڕەگەزەکانی ڕاپۆرت
## یەکەم/ گێڕانەوەی چیرۆکەکە

گێڕانەوەی چیرۆك ڕەگەزی یەکـەمی ڕاپۆرتــەو ئەمانــە دەگرێتەوە:

### ١- دیاریکردنی بابەت

بەرلـەوەی دەسـت پێبکـەیت ڕاوەسـتەو بـە ڕاشـکاوی لــەخۆت بپرســە: بابەتەکــە چــییە؟ کامــە چــیرۆکەکەیە؟ هەڵبەتە ناکرێتو لۆژیك نییە زیاتر لە بابەتێك هەڵبـژێرێت بۆ ناو یەك ڕاپۆرت. ڕاپۆرتێك لە بارەی زنجیرەیەك تەقینــەوە کە لە ڕۆژێکدا ژمارەیــەك کڵێـسای لــە عێـراق کردووەتــە ئامانج، ناکرێت لە هەمان کاتدا ڕاوێژو گفتوگـۆی سـەرانی هۆزەکــانیش لــە بــارەی ڕێخۆشــکەری بــۆ کۆنگرەیــەکی نیــشتمانی لــەخۆبگرێت. دەبێــت هەڵبــژاردنی بابەتەکــەت

ڕوون‌و سنووردار بێت. بێگومان پێویستە ڕاوێـژیش لەگـەڵ سەرۆکی کار یـان سەرنووسـەری نەشـرەدا بکـەیت، بـەڵام متمانەت بەخۆیشت هەبێت کە دەتوانیت قەناعـەتی زیـاتر لای بینەر دروستبکەیت لـە بـارەی ڕاپۆرتەکەتـەوە ئەگـەر بابـەتێکی دیـاریکراوی لـەخۆگرتبێت. دیـارە دەتوانیـت هەندێك لە ڕەگەزە هەواڵییەکان پێکەوە ببەستیتەوە ئەگـەر کۆمەڵـە تەقینەوەیـەك لـە چـەند ناوچـەیەکی جیاجیـای وڵاتێکدا ڕوویان دابێت، بـەڵام لـەم حاڵەتـەدا تەقینـەوەکان نابنە بابەتی سەرەکی ڕاپۆرتەکە بـەڵکو بـارودۆخی ئـەمنی بابەتە سەرەکییەکە. لە هەموو بارێکـدا پێویـستە هـەوڵی بێوچان بدەیت بۆ بەرجەستەکردنی یەك بابەتییەکی پتەو تـا بینەر تێبگات لەوەی کە ڕوودەدات.

هەروەها چەند ڕەگەزێکی هەواڵییش هەن لـە بابەتـدا. هەموو بابەتێك ژمارەیەکی زۆر ڕەگەزی هەواڵیی تێدایە کە ڕەنگە بۆ هەندێکیان وێنە دەستبکەوێت‌و بۆ هەندێکیـشیان دەستنەکەوێت. تۆ دەبێت یەکلاکـەرەوە بیـت لـە وەلانـانی ڕەگەزە لاوەکییەکان‌و ئەو ڕەگەزانەی کە دەشـێت بابەتەکـە زیـاتر ئـاڵۆز بکـەن. لێـرەدا وەلانـانی ڕەگـەزە هـەواڵی‌و

فیلمییەکان ئاسانە پێش ئەوەی دەستبکرێت بە نووسینی ڕاپۆرت.

فرەیی ڕەگەزەکان بینەر پەرت دەکات و هیچیش لە بەهای ڕاپۆرتەکە زیاد ناکات، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێك کەسەوە. خراپترین ڕاپۆرت ئەوەیە کە دەبێت دووجار تەماشای بکەیتەوە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لێی تێبگەیت.

**أ- پێکهاتە (سترەکچەر)**

مەبەست پەیکەری ڕاپۆرتە. وای دابنێ لە ژوورێکدا دانشیتووی چیرۆکێك بۆ هەموو ئامادەبووان دەگێڕیتەوە. لەم حاڵەتەدا لەوانەیە بتوانیت ڕادەی ئیستیعابی ئامادەبووان بۆ قسەکانت بزانیت. ڕەنگە بەهۆی تێبینییەکانی خۆت یان ئەو پرسیارانەی کە ئامادەبووان لێتی دەکەن شێوازی گێڕانەوەکەت بۆ بەشەکانی تری چیرۆکەکەت بگۆڕیت.

لە جیهانی ڕۆژنامەوانیی تەلەفزیۆنیدا ناتوانیت ئەوە بکەیت. دەبێت شێوازێکی ڕێك بدۆزیتەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکە. ئاسانترین پێکهاتە بۆ ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی

دەشێت لەسەر بنەمای ڕیزبەندیی کات بێت. بـەڵام زۆرێـك لە بابەتە هەواڵییـەکان ئـاڵۆزن‌و ناتوانیـت لـە گێڕانـەوەی زۆربەی ئەو بابەتانەدا پشت بە ڕیزبەندیی کـات ببەسـتیت. لێرەوە دەبێت هەموو بەشـەکانی ڕاپـۆرت بـە بەسـتەکێکی لۆژیکی پێکەوە گرێ بدەیت. دابەشکردنی ڕاپۆرت بۆ سـەر چەند بەشێك لەسەر بنەمای ڕەگەزە هەواڵییـەکان‌و فیلمـی ئـەو هەواڵانـە کـارێکی ئاسـانە. دوای ئـەوە هـەوڵی بەستنەوەیەکی لۆژیکی بدە لە نێوان ئەو بەشانە بە جۆرێـك کە وا دەربکەوێت هەموویان دەستی یەکتریان گرتووە.

دەتوانیت لـۆژیکی زمـان‌و وشـەکانی وەك: "لـە دوای ئەوە... پاشان... کەچی... سەرەڕای ئەوە... لە نزیك ئـەو شوێنە... بە دوورایی چەند کیلۆمەترێك لە.... بە دوورایـی چەند سەعاتێك.... لە پێناوی ئەوەدا... لێـرەدا هۆکارەکـە دەردەکـەوێت.....دوای چـەند سـەعاتێك لـە.... دوای تێپەڕینی نزیکەی ساڵێك" بەکاربهێنیت.

سەبارەت بە وێنەیش، هەوڵبدە هەر بەشێك بە وێنەیەك دەست پێبکەیت کە پەیوەنـدی هـەبێت بـەوەی کـە بەشـی پێشووی پێ کۆتایی هێنراوە.

### ب- ڕیزبەندیی کات

وا باوە دەڵێن پێویستە ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی بە وێنە تازەکان یان بەو وێنانە دەست پێبکات کە زۆرتر کاریگەرن، بەڵام ڕاستییەکە ئەوە نییەو ئەو بنەمایەش مەرج نییە. زۆربەی جاران دەشێت ڕاپۆرتەکەت بە هەندێك گرتە دەست پێبکەیت کە نە تازەنو نە زۆریش کاریگەرن، بەڵام نزیکترو لە پێشترن بۆ دروستکردنی بابەتەکەت بە شێوەیەکی لۆژیکی باش. کات (زەمەن) زۆر تایبەتە بۆ ڕاپۆرت، ڕاپۆرتی باش ئەوەیە کە نزیکە لە فیلمی سینەماییەوەو لە ڕووی کاتەوە قۆناغە دیاریکراوەکان کورت دەکاتەوە بەرەو قۆناغەکانی دواتر. ئامانج هۆنینەوە درامییەکەیە.

یەکێك لە کێشە بەربڵاوەکان لە پێکهاتەی تێکستدا ئەوەیە کە سەرنجی بینەر بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا ڕابکێشیت بەبێ ئەوەی وەڵامی پرسیاری دواتر بدەیتەوە. وەك ئەو زنجیرە دراما خراپانەی کە زۆرجار وا لە بینەر دەکەن بپرسن: "باشە فلان کاراکتەر چی لێهات؟ ئەی بۆ نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی؟". زۆرجار ڕاپۆرتی

تەلەفزیۆنییش هەمان هەڵە دەکات کە زانیارییەکی ناتـەواو لە چوارچێوەی پێکهاتە درامییەکەدا دەخاتەڕوو.

دەبێت وریابیت کامەیە ئـەو پرسـیارە لۆژیکییـەی لـە ناخی بینەردا گینگـڵ دەداتو وای لێـدەکات زیـاتر چـاوی لەسـەر ڕاپۆرتەکـەت بێـت لـە پێنـاو دەسـتکەوتنی وەڵام تیایدا. نموونەی ڕاپۆرتێك لەسەر "یاخییـە تەوبـەکردووەکان لـە دارفـۆر"، دەشـێت پرسـیارەکە یـەکێك لەمانـە بێـت: "هەڵوێـــستی خانـــەوادەی قوربانییـــەکان چـــییە؟ تەوبەکردووەکان ئیتر لە کـوێ دەژیـن؟ ئـەی لەمـەودوا بـە چییەوە سەرقاڵ دەبن؟".

## ٢- نووسینی تێکست

نووسینی تێکست، نزیکترین ڕەگەزی ڕاپۆرتە لە خـودی ڕۆژنامەوانەوە، لەبەرئەوە دەبێت هاوسـەنگی ڕابگریـت لـە نێوان لادانی ئەو نزیکایەتییەو لەدەستدانیدا.

### أ- لـیـد

زۆرترین کاتو کۆشش تەرخان بکە بۆ هەڵبژاردنی لید، لەبەرئـەوەی کاریگـەریی گـەورەی هەیـە لەسـەر بینـەر،

هەروەها یارمـەتیت دەدات زیـاتر هـەنگاو بنێیـت بـەرەو بەشـــەکانی تـــری تێکـــستەکە. لیـــد یەکـــەم ئەڵقـــەی پەیوەستبوونی بینەرە بە ڕاپۆرتەوە، بۆیـە گرنگـە سـەرنجی بینەر ڕابکێشێت بە لای بایەخی تێکـستەکەو هەواڵـداریی بابەتەکەدا.

لـە لیـد دا تـەرکیز بکـە سـەر لایـەنی مرۆڤایـەتیو هەروەها بیرت نەچێت لید لەگەڵ ماناو مەبەستی سـەرەکی نـاو ڕاپۆرتەکـە پێکـەوە گرێبـدە. هەنـدێك ڕۆژنامـەوانی لێهـاتوو دەتـوانن لیـد وەك ئامرازێـك بـەکاربهێنن بـۆ چارەسـەری کێـشەی کـەمیی وێنـە، بـۆ ئـەوەی لـەوێوە ڕاستەوخۆ بچنە نێو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە.

**ب- ڕستەی سەرەکی**

مەبەست لەو ڕسـتەیەیە کـە دەشـێت سـوپرایزێك لـە ڕاپۆرتەکـــەدا بخولقێنێـــت یـــان گۆڕانێـــك لـــە ســـیاقدا دروستبکات. ڕسـتەی لەمـشێوەیە یارمـەتی تـەواوکردنی پەیکـەری ڕاپۆرتەکـە دەداتو هاوکـات لوتکـەی درامـی ڕاپۆرتەکەشـە. هـەروەها سـەرنجی هەنـدێك لـە بینـەران دەگەڕێنێتەوەو لە زەینی زۆربەشیاندا هەر دەمێنێتـەوە. لـە

سینەمادا بەمە دەوترێت ماستەر (دیمـەنی سـەرەكی) یـان (the Master Scene).

**پ- كەشی گشتی**

ڕۆژنامەوانی باش ئەوەیە بتوانێـت كەشـی گـشتی لـە ڕاپۆرتەكەیدا بە جۆرێك بگەیەنێتە بینەر كە وایان لێبكـات هەست بە تامو بۆنی واقیعو شوێنی ڕووداوەكە بكەن، بگـرە هەمان ترسو بیمی شوێنی ڕووداوەكەیان هەبێت.

**دووەم/ پاكێجینگ: (packaging)**

**١- نووسین بۆ وێنە**

سـادەترین بنـەمای نووسـین بـۆ وێنـە: هـەرگیز بـۆ پڕكردنەوەی بۆشایی پەنا بـۆ بـەكارهێنانی هـیچ گرتەیـەك مەبە. یەك وشە مەنووسە بەبێ ئەوەی دڵنیابیت لـە بـوونی وێنەی گونجاو. واتە تەنها بابی ئەو وێنەیە بنووسـە كـە لـە بەردەستدایە.

ئەم پڕۆسەیە سـەیركردنێكی وردی گرتـەو دیمەنـەكانی بەردەستی دەوێت، چ لە ڕێی ئاژانـسەكانی هەواڵـەوە بێـت یـان وێنـەگرانی مەیـدانی یـاخود لـە ڕێـی سەرچـاوە

تایبەتەکانــەوە. هەوڵبــدە بــە شــێنەیی دیمەنــەکان ببینــەو وردەکاریی تەواو وەربگرە لەگەڵ مــاوەی هــەر گرتەیەکـدا. وەك بینەرێك پێشبینی دیمەنەکان بکەو لــە بــارەی بابــەتو سیاقەوە بپرسە. ئینجا هەوڵبدە دەستبەجێ بیکەیتــە چــەند بەشێکی گونجاوی لە دوای یــەك، پاشــان لــە نــاخی خۆتـدا (پێش پڕاکتیك) چۆنییەتی گرێدانەوەیان دیاری بکە.

ئینجــا تێکــستەکە بنووســـە بـــە پـــشتبەستن بـــە تێبینییەکانی پێشوو. کــورتترین ڕســتە بەکاربهێنــە بــەڵام زۆرتــرین ڕیتمــی هــەبێت. ســەیری گرتــەکان بکــەو بیکــە هەوێنی وشەکان. بە باشی گوێ لــە دەنگــی قــسەو دەنگــە سروشــتییەکانی نــاو گرتــەکان بگــرە. ئەمانــە کۆمەڵــە ڕەگــەزێکی ئیلهامبەخــشن بــۆ چــۆنییەتی بەســتنەوەی بەشەکانو گەیاندنی پەیامەکە بە تۆکمەیی.

کەللەڕەق مەبە بــۆ هێــشتنەوەی ئــەو وشــانەی بــەکارت هێناونو ئێستا بۆت دەرکەوتووە گونجاو نین. کەمتر لە ماوەی وێنەی بەردەست بنووسە (کەمتر لە نیوە). هــەرگیز پــەنا بــۆ بەکارهێنانی وێنەی لێدوان یان بڕگە دەنگییەکان مەبە کە وەك وێنە لە ڕومالکردنی تێکستە نووسراوەکەدا بەکاریان بهێنیت.

## ٢- دەنگی سروشتی ( natural voices)

ئێمە لە جیهانێکی بێدەنگدا نـاژین. دەنگـی سروشـتی هاوشانی وێنە وا دەکات نزیکتری بکاتەوە لـە ژیـانو بـاری سروشتی بابەتەکە. ئەمە وا لـە بینـەریش دەکـات لەگـەڵ کەشی گشتی ڕاپۆرتەکـەدا بـڕوات. لێـرەدا ئـەو بنەمایـە جێبەجێ بکە کە دەڵێت: تێکستی کـەمترو مانـای زیـاتر: Less is more.

## ٣- ئەرشیف

کاتێك پەنا بۆ وێنەی ئەرشیفی دەبـەیت بـە وریاییـەوە مامەڵەی لەگەڵـدا بکـە. ئاگاداربـە دەبێـت ئامـاژە بـەوە بکەیت کە ئەمـە وێنـەی ئەرشـیفە. مێژووەکـەی بنووسـە ئەگەر مانایەکی دیاریکراوی هەبوو. تـا دەتوانیـت دەنگـی سروشتی هاوشانی وێنە ئەرشیفییەکان بەکاربهێنـە، ئەوسـا دەبینیت پڕ بە پێـستی ژیـانو ڕووداوەکـانی ڕابـردووە. لـە هـــەمان ڕاپۆرتـــدا دووجـــار وێنـــە ئەرشـــیفییەکان بەکارمەهێنەوە.

**٤- پارچە لێدوان: بڕگە دەنگییەکان**

بە تێکستو وێنە ئامادەکاری بکە بۆ وەرگرتنی پارچە لێدوان یان بڕگە دەنگییەکان. لە ڕێی تەواوکردنی ماناوە دەتوانیت بە ئاسانی تێکستێکی باش دانێیت دەربارەی بڕگە دەنگییەکان. کارەکە پێویستی بە گوێگرتنێکی باشە لە بڕگە دەنگییەکانو بیرکردنەوە لە شێوازی مۆنتاژکردنی لەگەڵ تێکستەکەدا. بۆ شکاندنی بێزاریی بینەر ناوبەناو وێنەی پەیوەندیدار بخەرە سەر دەنگی ئەو کەسەی دەدوێت.

**سێیەم/ تەنسیق**

ڕاپۆرتەکەت بەبێ سیاق ناگاتە بینەر. ئەوەش دواجار بەشێکە لە نەشرەی هەواڵیی تەواو. لەگەڵ هاوکارانت تەنسیق بکەو دڵنیابە لە شوێنی ڕاپۆرتەکە لە نێو سکرێپتی نەشرەدا. بڕگەکانی پەیوەست بە ڕاپۆرتەکە بزانە، لەوانەیە پلان هەبێت بۆ میوانداریکردنی کەسانێك بۆ قسەکردن لەسەر هەمان بابەتی ڕاپۆرتەکەی تۆ. هەموو ئەمانە یارمەتیت دەدەن بۆ نەخشاندنی سیاقی ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەکی جیاواز.

بەردەوام لە پەیوەندیدابە لەگەڵ سەرپەرشتیاری نەشرەدا ئەگەر هەر گۆڕانکارییەکت لە هێڵی گشتی ڕاپۆرتەکەتدا ئەنجام دا (زیادکردنی گرافیك بێت یان وێنە لە ئەرشیفەوە).

لە یادت بێت کاری تەلەفزیۆنی هیچ نییە جگە لە جۆرێك لە جۆرەکانی ڕۆژنامەوانی، هەموو پێوەرەکانی تری کاری ڕۆژنامەوانیشی بەسەردا دەچەسپێت، وەك پێوەرەکانی وردبینیو بێلایەنیو بابەتیبوون. هەوڵبدە وزەی خۆت لە کارێکی تەلەفزیۆنیدا بەهەدەر مەدە کە لە چوارچێوەی ئەم پێوەرانەدا نەبێت. هەروەها بزانە کە ئەو بەهایەی بینەر بۆ کارەکەت دایدەنێت زۆر گەورەترو زیاترە لە هەر بەهایەکی ماددیی تر.

## ڕێنمایی گشتی بۆ نووسینی تێکستی ڕاپۆرتو ئامادەکردنی بۆ پەخش

- ڕستەی سادەو کورت بەکاربێنە: ئەو بنەمایە پەیڕەوبکە کە دەڵێت: (**short & keep it simple‘**)، واتە باشترین قسە ئەوەیە کە کورتو مانابەخش بێت.

- بنووسە وەك ئەوەی کە قسە بکەیت، دەستەواژەو ڕستە ڕاستەوخۆکان دوور لە ئاڵۆزی بەکاربهێنە، خۆت لادە

لــە لێڵــیو دەســـتەواژەی قـــورس، ڕســـتەی ڕەخنەگرانــە بەکارمەهێنە.

- دژیــەکی بەکاربێنــە وەك: "هــەمووان دەزانــن چـۆن دەستی پێکرد بەڵام کەس نازانێت چۆن کۆتایی دێـت..."، یان "کاتێــك دەرگــای بازاڕەکــان دادەخــرێن، دەرگــای تــر دەکرێنەوە کە دوور نین لە شوێنەکەوە...".

- وەك ئەوەی بینــەر دەدوێنیــت یــان وەك یــەکێك لــە تاکەکانی کۆمەڵگە دەدوێیت، ڕاناوەکانی "تــۆو... ئێمــە" بەکاربهێنە.

- ژمارەکان لە کورتترین چوارچێوەدا لــە بینــەر نزیــك بکەوە ئەگەر پێویست بوو، بۆ نموونە بڵێ چارەکە ســەدەیەك لە بری ٢٥ ساڵ.

- هەمیشە لە یادت بێت تۆ بۆ تەلــەفزیۆن دەنوسـیت، تەلەفزیۆنیش ئامرازێکە بــە پلــەی یەکــەم مامەڵــە لەگــەڵ وێنەدا دەکات.

- هەندێك وردەکاریی بچووك لە وێنەدا بەکاربهێنە بـۆ زیادکردنی لایەنی مرۆیی لە تێکستەکەدا، وەك: منــداڵان لەســـەر شـــەقام نـــان دەخـــۆن، تابلۆیـــەکی ئـــاویی لـــە

پێشانگایەکدا کە سەرۆك بەسەری دەکاتـەوە، ئالآیـەك لـە خۆپیشاندانداا.

- کات زۆر گرنگە، لەبەرئەوە مامەڵەکردن لەگەڵ ئـەم ئامرازەی میدیادا بە چرکەو دەقیقەیە.

- سەیری وێنەکان بکە پێش دەسـتکردن بـە نووسـینی تێکست، لیستێك بۆ دیمەنە وەرگیراوەکان دابنێ، بەهێزترین گرتەو دەنگە سروشتییەکانی نێو وێنەکان جیابکەرەوە.

- دوای ئاشـنابوونت بـە وێنـەکان، ئینجـا کۆمێنـتو تێکستی خۆت بۆ بڕگەکان بنوسە کە هیـچکامیان لـە ٢٠ چرکە زیاتر نەبێت، بۆ ئەوەی ئەگەر بڕیارتـدا دەسـتبەرداری هەر کامێك لەو بڕگانـە بیـت کارنەکاتـە سـەر یەکبابـەتی ڕاپۆرتەکە.

- هەروەها ئەمە مانای وایـە تـۆ دەتوانیـت وەسـتانی کـورت بـەکاربێنیت (پـشووی کـورت بـدەیت) لـە نێـوان پارچەیەكو یەکێکی تردا (یەکـەم) بـۆ هەناسـەدانی خـۆت (دووەم) بۆ ئەوەی بینەریش هەناسەی خۆی بدات، (سـێیەم) دەبێت ڕێگـەی هەناسـەدانی وێنـەکانیش بـدەیت لـە ڕێـی

دەرفەتدان بە دەنگی سروشتی نێو وێنەکان تـا بـە ئاسـانی ببیسترێن.

- هەمیـشە بـە بـەکارهێنانی دەنگـی سروشـتی نێـو وێنەکان دەست بە ڕاپۆرتەکەت بکە کە ماوەکـەی **٣** تـا **٥** چرکە بێت پـێش ئـەوەی دەسـت بـە خوێندنـەوە بکـەیت. هــەروەها دەنگــی سروشــتی بــۆ تــەواوکردنی تێکــست بەکاربهێنە، بۆ نموونە: خوێندنەوەی پێشەکی بۆ پارچـەیەکی دەنگیــی زۆر کــورت+ پارچــە دەنگییەکــە+ تــەواوکردنی بەشەکانی تری تێکست.

- هەوڵبدە ڕاپۆرتەکەت بە وێنەی ئەرشیفی دەست پـێ نەکەیت.

- پێویستە درێژیی ماوەی ڕاپۆرتەکەت کە دەینووسیت لە درێژیی ماوەی ڤیدیۆکەی بەردەست زیاتر نـەبێت. باشـتر وایە تێکستەکە کەمتر بێت لە نیوەی ماوەی ئەو ڤیدیۆیـەی هەتە. واتە هەرچەندە تێکستو کۆمێنتت کـەم بێـتو لـە بەرامبەریـشدا لێگـەڕێیت وێنـەکان خۆیـان بـدوێن، ئـەوە باشترین کارە.

- هەمیشە لە یادت بێت ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی یەك دەرفەتی لە بەردەمدایە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی بە جەماوەر، ئەو دەرفەتەش بە شتی بێکەڵكو ئاڵۆز ناکوژێت.

- وەسفی وێنەکان مەکە بەڵکو لەسەریان بدوێ (بنوسە)، چونکە بینەر بە چاوی خۆی دەبینێت لەسەر شاشە چی دەگوزەرێت. خۆت لادە لە دەستەواژەی وەك: "دووکەڵ بەسەر ناوچەی هێرشەکەدا بەرزبووەوە" لە کاتێکدا کە وێنەکە هەمان شت نیشان دەدات.

- هەوڵبدە پابەندبە بە ماوەی تەرخانکراو بۆ ڕاپۆرتەکە کە لە لایەن بەڕێوەبەری نووسینی نەشرەی هەواڵەوە پێشنیارکراوە، بۆ ئەوەی بتوانیت دەست بە ماوەی دیاریکراوی نەشرەکەوە بگریتو لە کاتی بابەتو ڕاپۆرتەکانی تر نەخۆیت.

- ڕاپۆرتە هەواڵێك بە پیشەییانە نووسرابێت ئەوەیە کە درێژیی ماوەکەی لە دوو دەقیقە یان دوو دەقیقەو نیو زیاتر نەبێت، لەگەڵ بەکارهێنانی پارچە لێدوانەکاندا.

- کاتێك پارچـەیەك لێـدوانی کەسـێك دەخەیتـە نێـو ڕاپۆرتەوە خۆت لادە لە ناوهێنـانی کەسـەکە یـان پۆسـتو سروشتی کارەکەی، چونکە لە شـێوەی کاپـشندا کەسـەکە دەناسێنرێت.

- دەبێت درێژیی ماوەی هەر بڕگەیەکی دەنگی لـە ٢٠ چرکە زیاتر نەبێت، هەرچەندەش لـە توانـادا بێـت ژمـارەی بڕگە (پارچە لێدوان) لە هەر ڕاپۆرتێکدا لە سێ پارچـە تـێ نەپەڕێت.

- وریابەو بزانە بـەکارهێنانی گرافیـك ئامرازێکـە بـۆ ڕوونکردنەوە نەك بۆ پڕکردنەوەی کەمیی وێنەکان.

- دەبێت پانتاییەکی بەرفراوان هەبێت لە نێوان فاکـتو (ڕا)کاندا، واتە ڕاوبۆچوون لە بری فاکت پێـشکەش مەکـە. چاوپێکەوتن زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت بـۆ دەربڕینـی ڕاوبۆچوون.

- لە قۆناغەکانی نووسـینو پێکـەوەنانی وێنـەکان لـە ڕاپۆرتدا، خۆت بخەرەوە شوێنی بینەرو وەڵامی ئەو پرسـیارە بدەرەوە: ئێستا وەرگر چی دەبینێت؟

دوای تەواوبوونی نووسینی تێکست بە دەنگێکی بەرز بیخوێنەوە تا:

١- دڵنیابوون لە بەکارهێنانی زمانێکی تەواوی بێ هەڵە، هەروەها دڵنیابوون لە ئاوازو وشەی مانادارو خۆلادان لە باسکردنی خەسڵەتو ڕۆڵی کەسەکان بەبێ پاساوی بابەتییانە لە پێناو پاراستنی بێلایەنیدا.

٢- دڵنیابوون لەوەی پابەندی پێوەرەکانی کاری ڕۆژنامەوانی دروست بوویتە: وردبینی، بابەتیبوون، ڕاستگۆییو هاوسەنگیو شەفافییەتو بێلایەنی.

## ڕاپۆرتی مەیدانیی تەلەفزیۆنی

کاری ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی مەیدانی بە ئاڵۆزترینو مەترسیدارترین بوارەکانی کاری ڕۆژنامەوانی دادەنرێت لە هەردوو باری نووسینو سەلامەتییەوە. هەروەها پێویستی بە لێهاتوویی (بەهرە)یەکی باڵاو بیرتیژییەکی زۆرو خێراییەکی ڕاستەوخۆو مامەڵەیەکی دروست هەیە. هەڵەکردن لە کاری مەیدانیدا ڕەنگە تەنها نەبێتە هۆی

لەدەستدانی ڕاپۆرتەکە، بەڵکو لەوانەیە هەندێکجار ببێتەهۆی لەناوچوونی خودی پەیامنێرەکەیش!

قورسە هەموو پەیامنێرانی مەیدانی بە ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی دابنرێن، بەڵێ زۆربەیان ڕۆژنامەوانن... بەڵام کەمێکیان دەتوانن ڕۆژنامەوانییەکی تەلەفزیۆنی بە مانا ڕاستەقینەکەی بەرجەستەو پێشکەش بکەن.

ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیی مەیدانی جیاوازە لە ڕاپۆرتی تری تەلەفزیۆنی، بە شێوەیەکی گشتیش لە سێ باری سەرەکیدا دەردەکەوێت:

تۆ یەکەمو دوایین بەرپرسیاری لە بابەتی زانیارییەکانەوە، هەر تۆش بەرپرسیاری یەکەمی لە بابەت وێنەو فیلمەوە، پاشان تۆ خۆت لە ڕاپۆرتەکەدا دەردەکەویت، کە ئەمەش پێویستی بە بەهرەی ئاخاوتنی بەردەم کامێرایە.

بێجگە لەوە، ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیی مەیدانی هەمان پێوەرەکانی پەیوەست بە ڕاپۆرتی ئاسایی تەلەفزیۆنیی بەسەردا دەچەسپێت، وەك: یەکێتی بابەت، سادەیی زمان،

کورتیی ڕستەکان، دابەشکردنی ڕاپۆرت بۆ چەند بەشێکی یەکانگیرو لۆژیکیو...تاد.

ئەمەی خوارەوە خستنەڕوویەکی تەواوی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مەیدانییە:

‼

## یەکەم/ ئامادەکردنی زانیارییەکان

بابەتی زانیارییە وردو تەواوەکان بەو بنەما سەرەکییە دادەنرێت کە دەکرێت ڕاپۆرتی مەیدانی لەسەر دروستبکرێت، ئەو بنەمایە ژمارەیەك هەنگاو لەخۆدەگرێت بەمجۆرە:

### ١- گەڕانی زانستی

بێگومان گرنگترین هەنگاوەکانی کاری ڕۆژنامەوانی گەڕانی زانستییە بۆ زانینی هەموو لایەنەکانی بابەتەکەو تێڕوانینە جیاجیاکان لەبارەیەوە. دیارە لە سەرەتای کاری مەیدانیدا جگە لە بیرۆکە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانیاریت لا نییە، دەبێت وای دابنێیت تەواو بێئاگای لە بابەتەکە، واتە بە هیچ گریمانەیەکی پێشوەخت یان پلانی سواو دەست پێ مەکە.

دوودڵ مەبە لــە ڕاوێــژکردن بــە وانــەی پەیوەندییــەکی زیاتریان هەیە بە بابەتی ڕاپۆرتەکەوە (هاوڕێی دکتۆر ئەگەر بابەتەکە پزیشکی بوو، پارێزەر ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە دادگــاوە هــەبوو، یــان تەنانــەت هاوکــارێکی دێــرینتر لــە پیشەکەدا کە متمانەی پێبکەیت).

بــەڵام دەبێــت بــە جۆرێــك مامەڵــە لەگــەڵ هــەر ڕاوێژکردنێکدا بکەیت کە ئەگەر هەڵە بێت ئەنجامەکەی لــە ئەستۆ دەگریــت. زانیارییــە ســەرەتاییەکان بەکاربهێنــە بــۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای گەڕان بە دوای زانیاریی زیاتردا.

پرسیاری ماڵپەڕەکانی پەیوەنــددار بــە بابەتەکــە بکــە. سەردانی کتێبخانە گــشتییەکان یــان تایبەتمەنــدەکان بکــە. لەگەڵ ئەرشیفە ڕۆژنامەوانییەکانی بەردەستدا مامەڵە بکە.

پێویستە بەگوێرەی توانا پەرە بە بەهرەی خــۆت بــدەیت لە گەڕاندا (نووسین بێت یان تەکنیکی)، ئەمەش لە میــانی پرۆسەکانی گەڕانی جــددیو ڕاســتگۆیانەوە دەبێــت لەگــەڵ هەر ڕاپۆرتێکی نوێدا.

## ٢- ئەجێندای بەرایی ڕاپۆرت

دوای ئاشنابوون بە زانیارییە بنەڕەتییەکان ئیتر دەتوانیت دەستبکەیت بە هەنگاوە بەراییەکانی پێکەوەلکانی ڕاپۆرت، بەو مانایەی ئێستا دەتوانیت شوێنەکانی کامێرامانو میوانی پێشبینیکراو دیاری بکەیت. ئینجا دەتوانیت بە شێوەیەکی هەڕەمەکیو ڕێک نەخراو ڕاپۆرتەکە لێکبدەیت، بەڵام لانیکەم کۆمەڵێك ڕەگەز لەخۆدەگرێت کە دواتر هەندێکیان لادەبرێن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوە زۆر یارمەتیت دەدات بە باوەڕبەخۆبوونەوە بەرەو هەنگاوەکانی تر بڕۆیت.

## ٣- پەیوەندیکردن بە پەیوەندیداران

لێرەدا مەبەست لە (پەیوەندیداران) ئەو کەسو لایەنانەیە کە (ڕا)یان هەیە لە ڕاپۆرتەکەدا. ئەگەر بتەوێت ستۆرییەکی ڤیدیۆیی لە بارەی ئاستی خراپی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی نەخۆشخانەیەك بکەیت، ئەوە ئیدارەی نەخۆشخانەکە یان بەڕێوەبەرەکەی یەکێکن لە پەیوەندیداران بەو ڕاپۆرتە. دەبێت پەیوەندیی پێوەبکەیت بۆ

دیـاریکردنی وادەی چـاوپێکەوتن یـان وێنــەگرتن، لەگــەڵ ڕوونکردنــەوەی ئــەوەی کــە دەرفــەتی هاوشــێوەی (ڕا)ی بەرامبەری دەدەیتێ بۆ قسەکردن.

هەروەها دەبێت پەیوەندی بەو کەسەشــەوە بکــەیت کــە نوێنەرایەتی کەســانی نــاڕازیو ڕەخنــەگر دەکـات لــە نێــو نەخۆشــخانەکەدا، بێگومــان دەبــێ پەیوەنــدی بــە کەســی بێلایەنــەوە بکــەیت (پزیــشکێکی ســەربەخۆ). دەتوانیــت پەیوەنــدی بکــەیت بــە ئەنــدام پەرلــەمانێك لــەو بازنــەی هەڵبژاردنەی کە نەخۆشــخانەکەی تێدایــە. کــەسو لایــەنی پەیوەندیداری ڕەسمیی تریش هەن کــە وێنــەگرتنو تەنانــەت کــارکردن لــە شــوێنێکدا وەرگرتنــی ڕەزامەنــدیی ئــەوانی گەرەکە.

**٤-   پوختەکردنی ئەجێندا**

جاری وا هەیە وەرگرتنی ڕەزامەندیی بۆ وێنــەگرتن لــە شوێنێك یان لەگەڵ کەســێکی پەیوەندیــداردا ســەرناگرێت. بۆیە ئاساییە چاو بە ئەجێندای ڕاپۆرتەکــە بخشێنرێتەوە، چ بە وەلانانی ئەو ڕەگەزە بێت یــان هەوڵــدان بــۆ دۆزینــەوەی ئەڵتــەرناتیڤ (بــدیل). قۆنــاغی دانانــەوەی ئەجێنــدا

(دانانەوەی هێڵـە گـشتییەکانی ڕاپـۆرت) یارمەتیـدەرێکی گەورەیە بۆ بڕیاردانی کۆتـایی لەسـەر شـوێنی وێنـەگرتنو کاتی گونجاو و میوانەکان.

### ٥- ئامادەسازیی لۆجستی

ئـەم قۆناغــە لــە قۆناغــەکانی تـری کـاری مەیـدانی هەســتیارترو گــرنگترەو ســەرنەگرتنی دەبێتــە مایــەی هەڵوەشانەوەی پێکهاتەی ڕاپۆرت. دوای دانـانی ئەجێنـدای نیمچەکۆتایی ڕاپۆرتو دیـاریکردنی شـوێنی پێویـست بـۆ وێنەگرتنو میوانانی پێـشبینیکراو، دەبێـت بزانیـت چـۆن دەگەیتــە ئــەو شــوێنانە، دەبێــت ڕەزامەنـدیی پێویــست وەربگریت بۆ هاتوچۆو وێنــەگرتن، بودجـەی پێویـستی بـۆ دیاری بکەیت، تیمی هونەریی تایبــەتی بـۆ جیابکەیتــەوە. هەروەها دەبێت کەرەستە تەکنیکییە پێویستەکانو مـاوەی وێنـەگرتنو چـاوپێکەوتنەکان دیـاری بکـەیت، جگـە لــە ڕەچـاوکردنی گونجـاویی ئــەو ماوەیــە لەگــەڵ بودجــەی پێشنیارکراودا.

تۆ وەك ڕۆژنامـەوانو پـەیامنێر دەبێـت دڵنیابیـت لـە هەموو ئـەم ئامادەسـازییانە، تەنانـەت ئەگـەر لایـەنێکی یارمەتیدەریش ئەم کارە بکات لە بری تۆ.

### ٦- تەتەڵەکردنی ئامانج

لەگەڵ گەیشتنت بەم قۆناغە دەبێت لە خۆت بپرسـیت: چیم دەوێت لەم ڕاپۆرتە؟ ئایا هێشتا ئامانجە بنـچینەییەکان گونجاون؟ ئایا بەدی دەهێنرێن؟

تێبینیو تێگەیشتنەکانی خۆت بنووسە دواتر سـوودیان لێ دەبینیت.

## دووەم/ ئامادەکردنی فیلم

### ١- سەردانیکردنی شوێن (ئەگەر توانرا):

هەوڵبدە یەکسەر بە کامێراوە بەرەو شـوێنی وێنـەگرتن مەچۆ. ئەگەر دەتەوێت کۆنترۆڵی پرۆسەی وێنەگرتن بکەیت لە ڕووی تـەکنیکیو ناوەڕۆکـەوە، دەبێـت پێـشتر هـەموو شوێنەکان بەسەربکەیتەوە ئەگەر کرا.

هەوڵبدە لە میانی بەسەرکردنەوەکەدا وەك ڕۆژنامەوان دەرنەکەویت، تەنها بەمە دەتوانیت زۆر شت ئاشکرا بکەیت، چونکە ئەوکاتە بە چاوی کەسێکی ئاساییەوە شتەکان دەبینی نەك وەك ڕۆژنامەوان. هەروەك لە لایەن خەڵکیشەوە وەك هاووڵاتی مامەڵەت لەگەڵدا دەکرێت نەك وەك ڕۆژنامەوان.

تێبینیو تێگەیشتنەکانت تۆماربکە ئەگەر بە ڕیکۆردەرێکی بچووکیش بێت، تێگەیشتنەکان وەك خۆیان نامێننەوە ئەگەر یەکسەر تۆمار نەکرێن.

ڕەنگە ڕووبەڕووی هەڵوێستێك یان کەسێك بیتەوە لە میانی ئەو بەسەرکردنەوەیەدا کە کارەکانت لەسەرەوە تا خوار هەڵگێڕێتەوە. لەوانەشە لە ناکاو بزانیت کە ڕێوشوێنە پێویستەکانی چوونەژوورەوەو هاتنو چوون زۆر ئاڵۆزو گرانە.

لەوانەیە کاتی گونجاوتر بدۆزیتەوە بۆ کارەکە، ڕێگەو شێوازی بێوەیو سەلامەتتر بدۆزیتەوە بۆ هاتنو چوون ئەگەر بە نیازی وێنەگرتنی بابەتێکی تا ڕادەیەك جێی مەترسی بوویت.

هەتا دەتوانیت هەوڵبدە لە کـاتو شـوێنی نـزیکتر لـە کاتو شـوێنی دیـاریکراوی وێنـەگرتن بـچیتە شـوێنەکە. دڵنیابە لەوەی سەردانی ماوەدرێژ بـۆ شـوێنی وێنـەگرتن وا دەکات ئەرکی وێنەگرتن ئاسانترو ڕاستگۆیانەترو نزیکتر لـە واقیع بێت.

## ٢- ڕێخۆشکەری لەگەڵ کاراکتەرەکان

وەك چۆن سەردانی شوێنی وێنەگرتن دەکەیت، شـوێنو شـــوێنکاری کاراکتـــەرە ســـەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکـــەش بەســـەربکەرەوە. هـەر لـە ڕێـی ئەمـەوە دەتوانیـت زیـاتر وردەکـاریی کەسـێتیو حەقیقـەتی تێڕوانینـەکانیانت بـۆ دەربکەوێت.

ناتوانیت ئەم سەردانانە تەواوبکـەیت بـەبێ وەرگرتنـی وادە (موعـد)ی پێـشوەخت، بـەڵام وەك ڕۆژنامـەوان (بـە فزوڵیو گومانەوە) هەڵسوکەوت بکە لەگەڵ هەر شتێك کـە سەرنجت ڕادەکێشێت لەو سەردانەدا، وەك: شـوێن، خـەڵك، سەردانیکاران، کاغەزی فڕێـدراو لـە بـەردەم نوسـینگەکە، شـێوازی پێـشوازی لێکردنـت، وێنـەی هەڵواسـراوی سـەر

دیوارەکان، خەڵاتو بڕوانامە نمایشکراوەکانی نێو نمایشگەی شوشەیی‌و...تاد.

ئەجێندەی ڕاپۆرتەکە نیشان مەدە، پێشوەخت سروشتی پرسیارەکانت بۆ میوانەکە ڕوون مەکەرەوە کە بۆ ڕۆژی وێنەگرتن ئامادەت کردوون. تەنها هێڵە گشتییەکانی پێبڵێ، سڵ مەکەرەوە لە گفتوگۆکردن لە دەرەوەی بابەتی ڕاپۆرتەکە بەڵام بە وریاییەوە. پرسیاری گشتی لە هەر کەسێك بکە کە لە هۆڵی چاوەڕوانی چنگت لێی گیردەبێت. بە گوێرەی توانا هەوڵبدە تێڕوانینی ڕاستەقینە وەربگریت لە بارەی شوێنی کارو سروشتی کەسێتی میوانەکەت، پاشان ئەوە لەگەڵ زانیارییەکانی لای خۆتدا بەراورد بکە... تەنها لێرەوە دەتوانیت گەڵاڵەی پرسیارگەلێك بکەیت بۆ ئاڕاستەکردنی میوانەکە.

### ٣- کۆبوونەوە لەگەڵ تیمی هونەری

ئێستا وێنەی خەیاڵیی ڕاپۆرتەکە تەواو بووەو لە زەینتدا ڕوونە، لەبەرئەوە گرنگە لەگەڵ تیمی هونەریدا

کۆببیتەوە (تەنانەت ئەگەر تاکە کامێرامانێك بێتو پێشتر کاری تریشت لەگەڵدا کردبێت).

ئەرکی ئەم کۆبوونەوەیە ڕوونکردنەوەی ئامانجی ڕاپۆرتەکەو سترەکچەرە هونەرییەکەیەتی کە لە مێشکی تۆدایە، ڕای خۆت وەك پێشنیار بخەڕوو، بە ئارامگرتنەوە گوێ لە ڕای تیمی هونەری بگرە.

خۆ زۆرجار کۆبوونەوەکە بە پلانێکی کاری نزیك لە هەمان پلانی پێشووی خۆت کۆتایی دێت، بەڵام هاوکارییەکی گەورە لە نێوان ئەندامانی تیمەکە مسۆگەر دەکەیتو زووتر هەست بە کێشەیەکی هونەری دەکەیت کە ڕەنگە ڕووبەڕووت ببێتەوە. کۆبوونەوە دەبێتەهۆی ئەوەی تیمی هونەری کەرەستەی پێویست لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت: ژمارەی پێویست لە کاسێتو پیل (پاتری)، ستاندی کامێرا، جۆری مایکرۆفۆنی پێویست (وایەرلێس یان مایکی تایبەت بە چاوپێکەوتن)، تیشکدەرەوە (عواکس ضوء)و...تاد.

## سێیەم/ وێنە ڕوونکەرەوەکانی ڕاپۆرت:
## (Story Board)

لـە دەقـە عـەرەبییەکـەدا بـە (رسـم خطـة التـصوير) هاتووە، مەبەستی چاوخشاندنەوەیە بە وێنە ڕوونکـەرەوەکان یان ئەو هێڵە خەیاڵیانەی کـە وەك پلانێـك بـۆ وێنـەگرتن‌و دروستکردنی ڕاپۆرتەکە دیاریت کردوون (وەرگێڕی کوردی).

قۆنـاغی تەتەڵـەکردنی ئامـانجی ڕاپۆرتـت لـە یـادە، بگەڕێرەوە سەر ئەوەی نوسیوتەو جارێکی تـر هـەمان شـت بکەرەوە، بەڵام لـە ڕێـی خـەیاڵ (وێنـاکردن)ی ئـەوەی کـە ڕاپۆرتەکە چۆن دەبێت لە دوا شێوەیدا. لەسـەر کاغـەزێکی سپی وێنەی ئەو گرتانە ڕوون بکەرەوە کـە لـە خەیاڵتـدان‌و دەتـەوێت وێنـەیان بگریـت. ئەولەویـەتی وێنەگرتنەکـە دەستنیشان بکە، هەندێك گرتەی ناچاریی هەیە کـە نابێـت بەبێ ئەوانە لـە شـوێنی وێنـەگرتن دەربـچیت، هەنـدێکی ئارەزوومەندانـەش هـەن کـە سـوودیان دەبێـت، گرتـەی یەدەگیش هەیە کـە لەوانەیـە ئـەوانیش دواجـار کـەڵکیان هەبێت.

ئـەو پرسـیارانە دارێـژەرەوە کـە دەتـەوێت ڕووبـەڕووی میوانەکانی بکەیتەوە ئەگەر سەردانیانت کرد، بەڵام ئەگـەر ئەمەشت نـەکردبێت دەتوانیـت هێڵـە گـشتییەکان (وێنـە ڕوونکەرەوەکان)ی چاوپێکەوتنەکە دابنێیت.

شوێنی گرتـەی ئاخـاوتنی بـەردەم کـامێرا ( Piece To Camera) بێنـە پێشـچاو، خۆیـشت بخـەرە نێـو دیمەنـە خەیاڵییەکەوەو هەوڵبدە هێڵـە گـشتییەکانی ئـەو ڕسـتەیە دابنێ کە لەوکاتەدا دەبێت بیڵێیت. ئەم چـالاکییە زەینییـە دوایین کارە کە چەند سەعاتێك پێش وێنەگرتن دەیکەیت.

## چـوارەم/ کامێرامـان و دڵنیـابوون لــە شـیاویی گرتەکان

### ١- ڕێوشوێنەکانی پێش وێنەگرتن:

بەرلەوەی ڕووبکەیتە شوێنی وێنەگرتن، دڵنیابە لـەوەی کە ئەمانەت پێیە: پلانی کار کـە لەگـەڵ تیمـی وێنـەگرتن لەسەری ڕێککەوتی، سـتۆری بـۆرد کـە دواجـار ئامـادەت کـردووە، خـشتەی کـات (موعـد)ی سـەردانەکان، بـاج، مۆڵەتنامـەی تایبـەت بـە وێنـەگرتن، ڕێبـەری تەلـەفۆنی

(دەشیێت شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوودات‌و ناچاربیت وادەی دیاریکراو (موعد) بگۆڕیت)، لەگەڵ بڕێك پارە کە لـە بـڕی ئاسایی زیاتر بێت.

## ٢- ڕێوشوێنەکانی وێنەگرتن:

ئەگەر کرا هەوڵبدە تیمی وێنەگرتن لە ناوچەیەکی دوور لە شوێنی وێنەگرتنەکە ببینیت، باش نییە کامێرامان لە پێش تۆوە بگاتە شوێنەکە (ئاگادار نەبیت نازانیت چی دەکات). لەوانەشە کەسێتیت لەق بێت لەبەرچاوی ئەوانەی لە شوێنەکەدان ئەگەر پێش تیمی هونەری بگەیت!!!!!

ئەگەر پێکەوە بگەن وەك سەرۆکی تیمەکە دەردەکەویت‌و ڕێکخستنەکەش باش دەبێت. (ئەگەر نەگونجا دوور لە شوێنەکە یەکبگرن، لەپێش تیمەکەوە بەڕێکەوە). بە گوێرەی توانا هەوڵبدە پابەندی خشتەی زەمەنی وێنەگرتن بیت، کاری مەیدانی کاتێکی بێشومار دەبات.

دڵنیابە لە ڕێکوپێکی (شیاوی)ی گرتە بەراییەکان تا دڵنیابیت لە توانای کامێرامان بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی دەتەوێت. بەڵام هەوڵبدە وا هەست نەکات کە ئەو لێی

نازانێت، دەتوانیت بۆی ڕوونبکەیتەوە کە ئەو گرتەیە گرنگەو دەتەوێت خۆت شێوازی کارەکە ببینیت.

لە یادت بێت زۆر بە بێلافی لەگەڵ کامێرامانو تیمی هونەری هەڵسوکەوت بکە، کاتی تەواویان بدەرێ بۆ جێگیرکردنی ئامێرو کەلوپەلەکان. ئەگەر هەستت بە کەموکورتی یان سستییەك کرد دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکە، تۆ بەوانەوە سەرکەوتوو دەبیت، زۆرجار تیمی هونەری لەو هەڵوێستانەوە پەیامنێر لە هەڵەو پەڵەی گەورە ڕزگار دەکەن.

**٣- گرتەکان:**

چالاکی کامێرا لە شوێنی کارەکەدا بەشێکی دانەبڕاوە لە کاری ڕۆژنامەوان، بەرپرسیارێتی کامێرا لە ئەستۆی تۆیە پێش ئەوەی بەرپرسیارێتی کامێرامان بێت.

دەشێت کامێرامان بەرپرس بێت لە شێوازی جێبەجێکردنی ئەوەی کە تۆ دەتەوێت، بەڵام دەبێت تۆ دیاری بکەیت کە چیت دەوێت. لێرەوە کار دێتە سەر ئەوەی کە پەیوەستە بە پاشبەندەکانی ڕاپۆرت (**Sequences**)،

لێرەشەوە دڵنیابە لەوەی دەتوانیت لە هەموو ناوچەو چالاکییەکی وێنەگرتندا پاشبەندت هەبێت.

زۆرترین گرتە وەربگرە کە خەڵکی تێدابێت... خەڵکی ئاسایی‌و ئەوانەی سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیانن. کاری تەلەفزیۆنی هونەری گواستنەوەی ژیانی خەڵکە بۆ خەڵك.

خێزانەکان نموونەیەکی باش پێشکەش دەکەن لە بەرجەستەکردنی چیرۆکێکی تەواو بە شێوەیەکی سادە، ئەگەر بتوانیت مامەڵە لەگەڵ خێزانێکی پەیوەندیدار بە بابەتی ئەو ڕاپۆرتی (خێزانێك دەڵێن منداڵێکیان هەیە گرفتاری چارەسەرێکی خراپە کە لە نەخۆشخانە بۆی دەکرێت)، لەم بارەدا دەشێت بە (**Sequences**)ی کەم وێنە ڕاپۆرتەکەت تەواوبکەیت.

ئامادەکردنی پاشبەند، ژیری‌و دەستوبردی تۆو کامێرامانی دەوێت. دەبێت تێبینی دیاردەو دیمەنە سروشتییەکانی شوێنی کارەکەتان بکەن، ژیان چۆن دەگوزەرێت؟ بە چاوی بینەرەوە سەیربکەو بپرسە: دەیەوێت چی ببینێت؟ پێویستە چی ببینێت تا ڕاپۆرتەکە هاوسەنگ‌و وردو بابەتی‌و سەرنجڕاکێش بێت لە یەك کاتدا.

پێویسته داهێنان بکەیت له وێناکردن (تخیل)ی گرتەکانتدا، پاشان به پێی ئەو لۆژیکەی له زەینی خۆتدا داتناوه گرتەکان تۆماربکەیت.

بۆ ئەوەی زیاتر بزانیت له بارەی چۆنییەتی وێناکردنی پاشبەندو دروستکردنییەوە، دەتوانیت سەیری ڕاپۆرتە مرۆڤایەتییەکانی (BBC World) بکەیت، تەنها به چاوێکی ڕەخنەگرانەی تاقیکردنەوەوه دەتوانیت زیاتر تێبگەیت.

ڕێنماییەکی باش له کاتی وێنەگرتندا زۆریی گرته نزیكو زۆر نزیکەکانه یان ئەوەی پێی دەوترێت (Close-ups). بۆچی؟ چونکه چەندی کامێرا له وردەکارییەکان نزیکبێتەوه بینەر زیاتر وا هەست دەکات ئاوێتەی چیرۆکەکه بووه.

گرتەیەکی زۆر نزیك له چاوی پزیشکەوه کاتێك سەیری ناوەمی نەخۆشێك دەکات وات لێدەکات هەست بکەیت بەڕاستی تۆ له ژووری پشکنینەکەدای. هەروەها گرتەیەکی زۆر نزیك له دەستی قەسابەوه که سەرقاڵی گۆشت بڕینەو دەنگی سروشتیی جووڵەو چەقۆکەی لەگەڵدایە، وات

لێدەکات هەست بکەیت لە نێو دیمەنەکەدایت. گرتەیەکی نزیك لە قفڵێکی داخراوی دەرگای دوکانێك یەکسەر پێت دەڵێت ئەمە مانای مانگرتن یان داخستنە. گرتەیەکی نزیك لە چاوی منداڵێك کە دەگریت، بەسە بۆ گواستنەوەی تراژیدیایەك. گرتەیەکی نزیك لە پەنجەی سەربازێکیش لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ، شڵەژان لە دڵی بینەردا دروست دەکات.

ئامادەکردنی گرتەکان ئارامیو دان بەخۆداگرتنێکی باشی دەوێت لە تۆو کامێرامان، بەڵام دڵنیابە لە کاتی مۆنتاژدا ئینجا بۆت دەردەکەوێت کە هێشتا پێویستت بە گرتەی زیاترە.

## ٤- جووڵەی کامێرا:

پرۆسەی دروستکردنی راپۆرت لە رووی هونەرییەوە تەنها بە کۆمەڵێك گرتەی باشی (فراوانو ناوەندو نزیكو زۆر نزیك) نابێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا پێویستی بە جووڵەی جۆراوجۆری کامێرا هەیە.

جۆرەکانی جووڵەی کامێرا ئەمانەن:

- جووڵە لە ڕاستەوە یان لە چەپەوە ( Pan right or Pan
(left

- جووڵە لە سەرەوە بەرەو خوارەوە یان بە پێچەوانەوە
(Tilt up or Tilt down)

- جووڵە لە پانترین مەوداوە بۆ تەسکترین مەودا یان بە پێچەوانەوە (Zoom in or Zoom out)

کامێرامانی پیشەگەر دەتوانێت لە یەك کاتدا دوو جووڵە ئاوێتە بکات، وەك ئەوەی جووڵەی کامێرا لە ڕاستەوە بێت لەگەڵ فراوانکردنی مەودای گرتەکە ( Pan right with Zoom out).

خێرایی جووڵەو پانتاییەکەی بەندە لەسەر سروشتی شوێنەکەو بابەتەکە. بابەتە مرۆڤایەتییەکان ڕیتمێکی خاوتریان هەیەو جووڵەی کەمترو خاوتر هەڵدەگرن. بۆ نموونە خۆپیشاندان پێویستی بە جووڵەی خێرایە لە پێناو پێڕاگەیشتن بە وردەکاریی ئەوەی ڕوودەدات.

ئەرکی جووڵەی کامێرا ئەوەیە بە دیمەنەکانی نێو شوێنی وێنەگرتنەکەدا بگەڕێت. گرتە باشەکان بەس نین بۆ ئەوەی بینەر وا هەست بکات لە شوێنی ڕووداوەکەدایە،

بۆیە پێویستە لە سەروبەندی پرۆسەی مۆنتاژدا گرتە جۆراوجۆرەکان ئاوێتەی جووڵەکانی کامێرا بکەیت. ئینجا دەبێت لە میانی وێنەگرتندا دڵنیابیت لەوەی گرتەو جووڵەی کامێرای تەواوت هەیە کە دواجار کۆمەڵێك پاشبەندی باشو یەکانگیرت بۆ دەستەبەر دەکات.

## ٥- چاوپێکەوتنی پێویست بۆ ڕاپۆرت:

دەبێت کاتو کۆششی خۆت بە شێوەیەکی هوشیارانە دابەش بکەیت لە نێوان وێنەگرتنو ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بە ڕاپۆرتەکەتدا. ئەگەر چاوپێکەوتنەکەت لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا بوو کە پێیان دەوترێت (**Vox Pops**)، لەوە دڵنیابە کە ئەوان هەموویان بە ئاگان لە بابەتی ڕاپۆرتەکەت، ئەو پرسیارەشی کە ئاڕاستەیان کراوە ڕوونو دیاریکراوە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەوتۆت دەستکەوێت و دوایی بتوانیت بەراوردیان بکەیت.

درێژترین چاوپێکەوتنی لەمجۆرە نابێت لە ١٠ چرکە زۆرتر بێت. زۆرجار بۆ ڕاوەرگرتن لە بارەی بابەتێکی ناکۆك

یان دەرخستنی ڕای شایەتحاڵەکانی ڕووداوێك، پەنا بۆ ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە دەبرێت.

دڵنیابە لە جێبەجێکردنی پێوەرەکان بەسەر ئەوانەدا کە دەیانبینیت، لە یادت بێت تۆ ناتوانی گوزارشت لە تەواوی ڕای گشتی بکەیت لە ڕێی وێنەگرتنێکەوە کە ماوەکەی نیو سەعاتە. بگەڕێوە بۆ ئەو زانیارییانەی پێشتر کۆتکردوونەتەوە، هەوڵبدە بزانیت چۆن ڕای بەرامبەر دەخەیتەڕوو ئەگەر هەبوو، ڕای ئەوانی تریش پشتگوێ مەخە.

چاوپێکەوتنی ڕێکخراو دەرفەتی خستنەڕووی ئەو بۆچوونە جیاوازانەت بۆ دەڕەخسێنێت کە شایستەی ئیبرازکردنن لەبەر چەند هۆکارێکی بابەتی. لە ڕێی خۆسازدانی باشی پێشوەختەوە ئەمە ئاسانە. دەبێت تێڕوانینی جیاوازی زیاتر لە کەسێك وەربگریت (ڕاپۆرتە هەواڵێك ٢ تا ٣ دیدار هەڵدەگرێت). بزانە دیداری لەمجۆرە لە ٣٠ چرکە زیاتر نەخایەنێت، بۆیە کاتی زۆری بۆ مەکوژە. ماوەی نموونەیی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانت بۆ میوان ڕوونبکەرەوە تا بەپێی توانا یارمەتیت بدات.

بەپێی گونجان لەگەڵ سروشتی ڕاپۆرتو ئەرکی میواندا شوێنی چاوپێکەوتن دیاری بکە (چاوپێکەوتن لەگەڵ پزیشکدا بە جلەکانییەوەو لە تەنیشت چەرپایەکەوە تۆماربکە، باشترە لەوەی لە ئۆفیسەکەیدا بێت بەبێ جلە سپییەکەی بەری).

دوای ئەوە دەستبکە بە وێنەگرتنی ئەوەی کە پێی دەوترێت (Set Up shots) کە ئەویش ڕێخۆشکەرییە بۆ چاوپێکەوتن لە ڕێی تۆمارکردنی چالاکیو هەڵسوکەوتی ئاسایی میوان (هەڵدانەوەی کتێبەکان، پشکنینی نەخۆشەکان، ڕۆیشتن بە ڕاڕەوەکاندا، گفتوگۆی تەلەفۆنیو... تاد).

هەوڵبدە لە شوێنی تۆمارکردندا باکگراوندی گونجاو بدۆزیتەوە کە ڕاستگۆیی چاوپێکەوتنەکەت زیاتر دەکات. هەروەها هەر شتێك بدۆزەرەوە کە بۆ (Cut Away: گرتەی لابەلا، یەدەگ) دەستبدات وەك (ئاڵا، وێنە، ئامێرەکان ئەگەر لە کارگەدا بووی... تاد).

شوێنی سروشتی کامێرا ئەوەیە وێنەی میوان لەسەر شانی تۆوە بگرێت کاتێك میوانەکە سەیری تۆی پەیامنێر

دەكات. هەرگیز نابێت میوان سەیری كامێرا بكات، دەبێت سەیری پەیامنێر بكات. لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی پەیامنێردا زۆرجار كامێرامان دیداری خێرا تۆماردەكات، دەبێت بە میوانەكەش بڵێت سەیری ئاڕاستەیەكی وەهمی یان شوێنێك بكات كە وای دابنێت پەیامنێرەكەی لێ وەستاوە یان دانیشتووە.

هەرگیز خۆت لە میوانەكەت بە كەمتر مەزانە تەنانەت ئەگەر وەزیر یان سەرۆكیش بێت. بزانە كاتێك دەست بە تۆماركردن دەكەیت ئەوە تۆی پرسیار دەكەیتو تۆی لە بری ڕای گشتیو بینەران گفتوگۆكە بەڕێوەدەبەیت، بۆیە تۆ هاوتای هەموو میوانێكی. دەتوانیت دواتر لەسەر شێوازی پرسیاركردنەكانت داوای لێبوردن بكەیتو سروشتی كاری ڕۆژنامەوانی بۆ ڕوون بكەیتەوە، دەشێت چەند دەستەواژەیەكی موجامەلەیش بەرامبەر بەكاربێنیت، وەك: "لەبەرئەوەی تۆ زۆر لەوە زیاتری... یان لەبەرئەوەی دەزانم تۆ لە هیچ پرسیارێك ناترسی...". بەڵام وریابە نەكەویتە داوی پۆزلێدان بەرامبەر هەندێك میوان.

پێش بەجێهێشتنی شوێنەکە لە تەواویی کاسێتەکەت دڵنیابە. هەوڵبدە لانی کەم گرتەیەکی تایبەتی خۆتو میوانەکە وەربگریت بە تایبەت ئەگەر دیدارەکە هەستیار بێت لەوانەیە پێویستت بێت وەك (Cut Away) بەکاری بێنیت.

## پێنجەم/ لە بەردەم کامێرادا
**(Stand Upper: Piece To Camera)**

تا ئێستا لە زمانی عەرەبیدا کۆدەنگییەك نییە لەسەر دەستەواژەی (Piece To Camera)، لێرەدا ناونراوە "**لقطة** حوار الكاميرا". (ئێمەش بۆ کوردییەکەی بە گونجاومان زانی بڵێین "لە بەردەم کامێرادا". لێرە بەدواوە زیاتریش تێدەگەین مەبەست چییە. وەرگێڕی کوردی).

لەم گرتەیەدا پەیامنێر لە بەردەم کامێرادا بۆ بینەر دەدوێت، یان بۆ یەکەمجار لە ڕاپۆرتەکەیدا بە دەنگو ڕەنگەوە ڕووبەڕووی بینەر دەبێتەوە.

پەیامنێر کاتێك سەیری هاوێنەی کامێرا دەکاتو دێتەگۆ، ئەوە قسە بۆ هەزارانو بگرە ملیۆنان بینەر

دەكات. لەبەرئەوە لەوانەیە ئەمە ئاستی ڕاپۆرت بەرزبکاتەوەو لەوانەشە دایبەزێنێت بۆ نزمترین ئاست.

ئەركی: ڕەهەندێکی مرۆیی دەبەخشێتە ڕاپۆرت. ئەوەتا تۆ لە شوێنی ڕووداوەکەوە بۆ بینەر دەدوێیت، کە دەرفەتت دەداتێ هەندێك شرۆڤە بکەیتو ئەوەی دەیبینیت پوختی بکەیتەوە لە ڕستەیەکدا کە ڕەگەزەکانو ماناکانیان پێکەوە گرێ دەدات.

هەروەها زۆرجار دەرفەتی گێڕانەوەی هەندێك ڕووداو دەدات کە وێنەیان دەست ناکەوێت، وەك: (لە نێو ئەم چاڵەدا سەدام حسێن دوایین ڕۆژەکانی بەسەربرد...)، بێگومان ناتوانیت وێنەی سەدام بگریت لە نێو چاڵەکەدا.

گرتەی بەردەم کامێرا ڕاستگۆییەکی زیاتر دەبەخشێتە خۆتو تێکستو وێنەو تەواوی ڕاپۆرتەکە، چونکە ئەوە تۆیت دەدوێیت، تۆی وەستاوی لە نێو داروپەردووی بیناکە، یان نزیك شوێنی کۆنگرەکە، یان لە بەردەم جەنازەکەدایت کە بەڕێوەیە، هەموو ئەمانە ڕاستیی قسەکانت بەهێز دەکەن.

هەروەها لەم ڕێگەیەوە پەیامنێر بینەریش دەباتە شوێنی ڕووداو کە دەبێت بەو ڕۆڵەی فزوڵی بینەران تێر بکاتو وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە. دواجار ئەمە لە هەر کەناڵێکدا خێزانێك لە پەیامنێرانی ناسراو بە دەنگو ڕەنگ دروست دەکات. ئینجا کەشێکی دۆستانەو پەیوەندییەکی خێزانی دەخولقێنێت لە نێوان بینەرانو کەناڵەکەدا (بێژەرو پەیامنێرەکانی).

١-**شوێنی:** سترەکچەری ڕاپۆرتەکە شوێنی ئەم گرتەیە دیاری دەکات. بە شێوەیەکی باو دەخرێتە کۆتایی ڕاپۆرتەوە. بەڵام ئاڕاستەی نوێی کاری ڕۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی وەك ئەلقەی نێوان ڕەگەزە شوێنیو کاتیو بابەتییەکان بەکاری دەهێنێت، زۆر کەسیش بە باشی دەزانن بیخەنە ناوەڕاستی ڕاپۆرتەکەوە. هەندێك کەس لەم حاڵەتەدا پێی دەڵێن پرد (**Bridge**)، لەوانەیە لەبەرئەوە بێت کە وەك پرد بەشەکانی ڕاپۆرت پێکەوە دەبەستێتەوە.

٢- **بایەخی:** بایەخی گرتەی بەردەم کامێرا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەرفەتێکە بۆ چڕکردنەوەی تێگەیشتنەکانی لەسەر ڕووداوەکە، بە تایبەت ئەگەر

ڕووداوێکی گەرمی نائاسایی بێت، یان ئاڵۆز بێتو پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێت. هەروەها بایەخەکەی لەوەشدا زیاتر دەردەکەوێت، چەندی ڕووداوەکە مرۆیی بێت پێویستی بە گواستنەوەی ئیحساسە، چەندی شوێنەکە دوورەدەست بێتو ئاسان نەبێت پێی بگەیت، دەبێت بیسەلمێنیت کە تۆ بەڕاستی بۆی چوویت.

تا بتوانیت هەڵەکان بقۆزیتەوە، وەك (تێپەڕینی جەنازە، یان بەرزکردنەوەی تەرمی قوربانییان، یان هشتێك لە شوێنەکەدا کە بینەر ببینێت لە دەورت چی دەگوزەرێت)، ئەوە گرتەی بەردەم کامێرا لەوپەڕی بایەخو گرنگیدا دەبێت.

**٣- شوێنی وێنەگرتنی:** خراپترین جۆری گرتەی یەدەگ ئەوەیە کە لە بەردەم بینایەکی نەناسراو، یان لە ناوەڕاستی شەقامێکی قەرەباڵغی شارێکدا بێت. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە لە ژێر سێبەری داردا بێت!

ئەگەر دەتەوێت ئەرکی گواستنەوەی دیمەنەکان بۆ بینەر ڕاپەڕێنیت، دەبێت بینەر لە شوێنێکدا بتبینێت کە

پەیوەندیی سەرەکی بە ڕووداوەکە بێت. بایەخ بەو تێکستە مەدە کە دەیڵێیت، بایەخ بەوە بدە کە بینەر لەپشتتەوە چی دەبینێت. بەڵام وریابە باکگراوندەکەش هێندە سەرنجڕاکێش نەبێت کە بینەر بیری لای ئەوە نەمێنێت تۆ چی دەڵێیت!

**٤- شێوازی ئەداکردن:** ئاخاوتن، قسەکردن: شێوازی ئاخاوتن پەیڕەو دەکات نەك ئاڕاستەکردن یان شێوەی وتاردان.

**خۆکردی سروشتیو گونجاو:** بە پۆشاکێکەوە کە پەیوەندیی هەبێت بەوەی ڕوودەدات (لە گۆڕەپانی جەنگدا ناکرێت بە قاتو بۆینباخەوە دەرکەویت. لە سەردانی ڕەسمیی سەرۆك یان کۆنگرەیەکی لوتکەیشدا ناکرێت بە کراسو پانتۆڵێکەوە دەرکەویت).

**٥- جووڵەکردن:** دەتوانیت نەجولێیت، بەڵام وا باشە لەم حاڵەتەدا کامێرا بەرەو لات بجووڵێت.

لەم ڕێگەیەوە دەتوانیت باسێکی ئاڵۆز شی بکەیتەوە، وەك ئەوەی کە دەست بۆ ئامێرێك یان ئەلبومێکی وێنە دەبەیت، لێرەدا دەبێت کامێرامان درك بکات چ کاتێك

(Zoom in) دەکات بۆ سەر ئەو شتانەو دواییش چ کاتێك دەگەڕێتەوە سەر خۆت تا ئاخاوتنەکەت تەواو بکەیت.

دەتوانیت لێرەوە ئاماژەبکەیت بۆ شتەکانی پشتەوەی خۆت یان ئەوەی ڕوودەدات، بەڵام وریای ڕاستگۆیی بە، زیادەڕۆیی لە ڕادەی نزیکیت لە ڕووداوەکەوە.

دەتوانیت خۆت بەرجەستەی هەندێك ڕۆڵ بکەیت، وەك لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، یان بەکارهێنانی ئامێرێك، یان خواردن، بەڵام وریابە شتەکە درۆیینە نەبێت. هەروەها ئەم شێوازەی کارکردن لە بەردەم کامێرادا ئاڵۆزەو پێویستی بە کامێرامانی بەهرەمەندو بیرۆکەی داهێنەرانەو ماوەی زیاترە.

ناوەڕۆك: دەبێت ناوەڕۆکی گرتەی بەردەم کامێرا سادە بێت، واتە ڕستەی ئاخاوتنی کورت وەسفی ڕووداوەکە لەخۆبگرێت، بابەتێکی ئاڵۆز شیکاتەوە، یان پوختەی بکات، یان لێکدانەوەی بۆ بکات، یاخود هەستی خەڵکی گۆڕەپانەکە بگوازێتەوە.

دواجار پەیڕەوی ئەمانە بکە:

پێش جێهێشتنی شوێنەکە، سەیری گرتەی بەردەم کامێرا (**Piece To Camera**) بکەرەوە.

زیاد لە جارێك‌و شێوازێك ئەو گرتەیە تۆماربکە، بە تایبەت ئەگەر بیرۆکەکە ناباو بوو.

بزانە بینەر ئەو گرتەیەی بیرناچێت (باش بێت یان خراپ).

## فەرهەنگۆك

**Camcorder**

کامێرای دەستییە، ئامێرێکی ڕیکۆدەری ڤیدیۆی پێوە بەستراوە، یاخود هەر خۆی ڕیکۆردەرێکی ڤیدیۆی تێدایە بۆ ئەوەی ببێتە یەکەیەکی وێنەگرتنی تەواو.

**Control room**

ژووری کۆنترۆڵ: ژوورێکی لکێنراوە بە ستۆدیۆوە، تیایدا دەرهێنەر یان دەرهێنەری جێبەجێکار یاخود ئەندازیاری دەنگ‌و هەندێکجاریش دەرهێنەری ڕووناکی کاروبارەکانی بەرهەمهێنانی تێدا بەڕێوەدەبەن.

**Coming up**

ئاگادارکردنەوەیەکە لە نێو نەشرەی هەواڵدا، لە دوای بەشی یەکەم یان بەشی دووەم یان هەر بەشێکی نەشرەوە دەبێت. جاڕدانێکە بۆ هەواڵی دواتر کە دوای ناوبڕێك پەخش دەکرێت.

**(Computer Graphics) CG**

گرافیکێکە سێ یەکی خوارەوەی شاشەکە داگیردەکات، ناوی کەسەکان یان شوێنو... تاد،ی لێ دەنوسرێت.

**(Down the line) DTL**

چاوپێکەوتن بە بەکارهێنانی سەرچاوەی دەرەکی OS (بۆ نموونە لە ڕێی بەکارهێنانی مانگی دەستکردەوە).

**(Element of Field Production) EFP**

کامێرای وێنەگرتنی مەیدانی: هەموو وێنەگرتنێکی دەرەوەی ستۆدیۆ یان (نازیندوو) پێی دەوترێت وێنەگرتنی مەیدانی.

**ENG**

کامێرای وێنەگرتنی هەواڵ: ئەو پرۆسەیەیە کە تیایدا کامێرای ڤیدیۆی دەستی یان ئەو کامێرایەی تێدا بەکاردەهێنرێت کە ڕیکۆردەری جیاو کەرەستەی ڕووناکیو دەنگو بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵی ڕۆژانەی پێوەیە. بە

شێوەیەکی باو وێنەگرتنی هەواڵ پرۆسەیەکە ئامادەکاری پێشوەختی بۆ نەکراوە.

**( FL) Float**

وێنەی جوولاوە کە لەسەروبەندی چاوپێکەوتندا پەخش دەکرێت بە ڕەچاوکردنی گونجانی لەگەڵ بابەتی چاوپێکەوتنەکەدا.

**Full Frame**

گرافیکێکە کە هەموو شاشەکە دەگرێتەوە.

**Gallery**

ژووری کۆنترۆڵی پەخش و دەنگ و ڕووناکییە.

**Headline**

سەردێڕەکانی نەشرەیە، ئەگەر لەسەر شێوەی **(OOV)** بێت سێ تا پێنج سەردێڕە، دەشکرێت لەسەر شێوەی **(SOT)** یان **(Nat Sot)** بێت.

**Lighting**

ڕووناککردنەوەی ستۆدیۆ و ناوچەکانی بەردەم کامێرایە لە پێناو وێنەگرتنێکی زۆر وردو نیشاندانی وێنەی

ڕاستەقینەی ئەو کەس‌و شوێن‌و دیمەنانەی دواجار لەسەر شاشە دەردەکەون تا ڕەنگ‌و مۆرکی سروشتی خۆیان لەدەست نەدەن.

**Master Control**

کۆنترۆڵی سەرەکی: شادەماری سەرەکی پەخشی کەناڵە کە کۆنترۆڵی پڕۆگرامە ئامادەکراوو سەیڤکراوەکان‌و دووبارەکردنەوەی گرتە زیندووەکانی لەدەستدایە لە کاتی پەخشکردندا.

**(Natural Sounds) Nat Sot**

دەنگە سروشتییەکان: مەبەست لە دەنگە سروشتییەکانی ناوچەی ڕووداوەکە، یان هەر شوێنێکی تری گرتە ڤیدیۆییەکان‌و دەنگە تۆمارکراوەکانی دەرەوەی ستۆدیۆیە کە بەکارهێنانیان لە نێو ڕاپۆرتە هەواڵدا ڕاستگۆییەکی زیاترو کەشێکی نزیکتر لە ڕاستی‌و واقیعی ڕووداوەکە دەبەخشێت.

**(Out Of Vision) OOV**

تێکستێکە بێژەر دەیخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی خۆی لەسەر شاشە دەربکەوێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە دیمەنی ڤیدیۆیی گونجاو لەگەڵ تێکستەکە لەسەر شاشە دەردەکەوێت.

**(Outside Source) OS**

سەرچاوەیەکی دەرەکییە، چ لە ڕێی مانگی دەستکردەوە بێت یان تەلەفۆن یاخود تەلەفۆنی وێنەدارو... تاد.

**(Phase Alternate Line) PAL**

ڕەنگی ستانداردی پەخشی تەلەفزیۆنییە لە بەریتانیا.

**(VT) Package**

ڕاپۆرتێکی وێنەییە کە پەیامنێر یان ڕۆژنامەوان لە ژووری هەواڵدا ئامادەی دەکات.

**Promo**

کاسێتێکی ڤیدیۆییە کە کۆمێنت یان بڕگەی دەنگی تۆمارکراو (SOT) یاخود بڕگەدەنگی سروشتی (Nat Sot)ی

تێدایەو دەست دەدات بۆ پڕوپاگەندەو ڕیکلامکردن بۆ پڕۆگرامێك یان چیرۆکێك یان بابەتێك.

**(Piece To Camera) PTC**

تۆماری دەنگیو ڕەنگیی خودی پەیامنێرە لە نێو ڕاپۆرتدا، دەشێت لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەدا بێتو بەمە دەوترێت (Opener) یان لە ناوەڕاستەوە بێت کە پێی دەوترێت (Bridge)، ئەگەر لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەشەوە بێت پێی دەوترێت (PTC).

**RGB**

لێکدراوی هەرسێ پیتی یەکەمی ڕەنگەکانە (Red) سوور، (Green) سەوز، (Blue) شین، ئەمانە سێ ڕەنگە سەرەکییەکەی تەلەفزیۆنن.

**(Still Store) SS**

چیرۆکێکە بە بەکارهێنانی وێنەی جێگیر (ستیل) یان گرافیکی جێگیر دەنووسرێت، پێشەکییەکیشی لەگەڵدایە کە بێژەر دەیخوێنێتەوە.

**(Sound off Tape) SOT**

پارچە (بڕگە) دەنگیی تۆمارکراو

**Timecode**

تایم کۆد، مەبەست دیاریکردنی کاتی گرتەیەکی دیاریکراوە لە ناو کاسێتێکی ڤیدیۆیی دیاریکراودا بە سەعاتو چرکەو خولەك. ئەمەش ئاسانکارییە بۆ پرۆسەی مۆنتاژکردن یاخود پەخشکردنی هەر بابەتێك کە ڕۆژنامەوان بیەوێت لە کەمترین ماوەدا بە ماندووبوونێکی کەمەوە دەستی پێبگات.

**(Video Journalist) VJ**

ڕۆژنامەوان لە بابەتێك دەدوێتو وێنەی دەگرێتو تێکستەکەی دەنووسێتو دەنگی خۆی دەخاتەسەر، ئینجا ڕاپۆرتەکەی بەتەواوی یان نیمچە تەواو ڕەوانەی کەناڵەکە دەکات.

**Vox pop**

مەبەست لە دەنگو ڕاوبۆچوونی خەڵکی ئاساییە کە وەك خۆی لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیدا بەکاردەهێنرێتەوە.